# شوێنی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) (بەختیار عەلی)دا

# المكان الواقعية والخيالية في رواية بختيار علي (احتلال الظلام) ، على سبيل المثال

# The place in real and fictional novels Bakhtiar Ali's novel (Occupation of Darkness), for example

**هاواره ڕەمەزان وەلی[١]، موحسین ئەحمەد عومەر[٢]**

[١،٢] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆلی سەلاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: ahwrasirwan@gmail.com

## پوختە

شوێنی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) بە نموونە لە نووسینی بەختیار عەلی بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەیە. بێگومان شوێن وەک توخمێکی سەرەکی لە ڕۆمان و گێڕانەوە بە گشتی ڕۆلێکی زۆر گرنگی لە بنیاتنانی دەقی ڕۆماندا هەیە. لەم توێژینەوەیە تیشک خراوەتەسەر ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی، تایبەتمەندی ئەم دوو جۆرە ڕۆمانە خراوەتەڕوو. شوێن لەم ڕۆمانەدا پانتاییەکە بۆ لەخۆگرتنی سەرجەم توخمی ڕۆمانەکە و کاریگەریشی لەسەر داناون. هەروەها بووەتە هۆی جوانیی و بونیاتنانی ئیستاتیکایەکی قووڵ بۆ دەقی ڕۆمانەکە و بۆ گێڕانەوەش بەگشتی، ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخا کە شوێن گرنگییەکی زۆری پێدراوە، ئەمە جگە لەوەی شوێن لە ناونیشانی ڕۆمانەکەشەوە هەستی پێدەکرێت.

**کلیلە وشە:** ڕۆمان، واقیع، شوێن، شوێنی واقیعی، گێڕانەوە.

## ملخص البحث

المكان في الروايات الواقعية والخيالية في رواية بختيار علي (احتلال الظلام) ، على سبيل المثال ، هو الموضوع الرئيسي لهذا البحث. بالطبع ، يلعب المكان كعنصر أساسي في الرواية والسرد بشكل عام دورا مهما جدا في بناء نص الرواية. تركز هذه الدراسة على الروايات الواقعية والخيالية وعرض خصائص هذين النوعين من الروايات. المكان في هذه الرواية هو فضاء لاحتواء جميع عناصر الرواية والتأثير فيها. كما أضاف الجمال والجانب والعمق الجمالي إلى بنية نص الرواية وكذلك السرد بشكل عام. تظهر نتائج البحث أن المكان له أهمية خاصة للغاية في هذه الرواية وكان موضع اهتمام كبير، بالإضافة إلى المكان الحقيقي الذي يشعر به من عنوان الرواية.

**الكلمات المفتاحية:** الرواية ، الواقع ، التدريج ، الواقعية ، السرد.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10532 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٣/١٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/١٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | ahwrasirwan@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٤ هاوارە ڕەمەزان وەلی، پ.د.موحسین ئەحمەد عومەر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Summary**

The place in real and fictional novels in Bakhtiar Ali's novel (Occupation of Darkness), for example, is the main subject of this research. Of course, the place as a key element of the novel and the narrative in general plays a very important role in the construction of the text of the novel. This study focuses on realistic and fictional novels, the characteristics of these two types of novels are presented. The place in this novel is a space to contain and influence all the elements of the novel. He also added beauty, aspect, and aesthetic depth to the structure of the novel's text as well as the narrative in general. The research results show that the place has a very special importance in this novel and has been the subject of a lot of attention, in addition to the real place which is felt from the title of the novel.

**Keywords:** novel, reality, staging, realistic staging, narration.

## پێشەکی:

ڕەخنەگران و توێژەرانی بواری ڕۆمان بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی خستووەتەڕوو، هەندێک لە ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان کە ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی کۆمەڵگەیە، بۆیە ئەو بابەت و مەبەستانەی لە ڕۆماندا دەخرێنەڕوو، بۆ باسکردنی ئەو ژینگەیە، بۆیە ڕۆماننوس تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی واقیعی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو، بەڵام هەندێک لە ڕەخنەگرانی بواری گێڕانەوە لەو باوەڕەدان، ڕۆمان دروستکردنی جیهانێکی خەیاڵییە و جیایە لەو جیهانەی کە مرۆڤەکان لەسەری دەژین.

شوێن کە توخمێکی پێکهێنەری ڕۆمانە، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە شوێن ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا هەیە، کاریگەریەکەشی لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری باری دەروونی کارەکتەرەکان هەیە، هەروەها شوێن کاریگەری جیاواز دەکاتە سەر توخمەکانی ڕۆمان، چەندین شوێنی واقیعی و خەیاڵی دەکەوێتە ناو چوارچێوەی دەقی ڕۆمان و ڕۆماننوس بەهۆی ئەو شوێنانەوە بنیاتی بیری دەقی ڕۆمانەکە تەواو دەکات، ئەم گرنگییەی شوێن، ئێمەی هاندا شوێنی واقیعی و خەیاڵی و گرنگییەکەی بخەینە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە.

## گرنگی توێژینەوە:

لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، شوێن وەک توخمێکی گرنگی ڕۆمان باسکراوە، بەڵام شوێن لە ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی وەک توێژینەوەیەکی سەربەخۆ باس نەکراوە، بۆیە ئەم ناونیشانەمان کردووەتە بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکەمان.

## گرفتی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە، ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی چییە؟ڕوانینی ڕەخنەی کوردی لەسەر ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی چۆنە؟ شوێنی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆماندا چۆنە؟ لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلی چۆن مامەڵە لەگەڵ شوێنی واقیعی و خەیاڵی کراوە؟

## سنوری توێژینەوەکە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە، کارکردنە لەسەر شوێن لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) (بەختیار عەلی)یە.

## میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی- شیکاری) پەیڕەوکراوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

**بەشی یەکەم: ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لەڕووی تیورییەوە، کە بەسەر دوو تەوەر دابەشکراوە.**

**تەوەری یەکەم: مەبەست لە ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی چییە؟**

**تەوەری دووەم: پێناسەی ڕۆمانی خەیاڵی و واقیعی**

**بەشی دووەم: شوێنی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) (بەختیار عەلی)دا، کە لە دوو تەوەر پێک دێت:**

**تەوەری یەکەم: شوێنی واقیعی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) (بەختیار عەلی)دا**

**تەوەری دووەم: شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) (بەختیار عەلی)دا**

## بەشی یەکەم:

## تەوەری یەکەم: مەبەست لە ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی چییە؟

وەک تێمای سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، مەبەستمانە ئەوە ڕوونبکەینەوە کە جیاوازی لە نێوان ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی هەیە، هەردوو جۆرەکەش هەریەکەیان دابەشدەبن بۆ چەند جۆرێکی جیاواز وەک: ڕۆمانی واقیعی باڵا، واقیعی و خەیاڵی تێکەڵاو، خەیاڵی جادوویی، ڕۆمانی ئۆتۆبیۆگرافی و دۆکیۆمێنتاری و ڕۆمانی مێژوویی کە لە ڕۆمانی واقیعی نزیک دەبێتەوە، مەبەستی سەرەکی ئێمە لە ڕۆمانی واقیعی ئەوە نییە کە هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانەکە و خودی چیرۆکەکەش لە ڕاستیدا ڕوویاندابێت و ڕۆماننوس هاتبێت بەشێوەی ڕۆمانێک بۆی گێڕابینەوە، ئەگەر وا بیر لە ڕۆمانی واقیعی بکەینەوە دەکەوینە هەڵەوە، زۆربەی ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بەم شێوەیە بیر لە واتا و مەبەستی دەستەواژەکە دەکەنەوە، یەکێک لە تێگەیشتنە باوەکان سەبارەت بەم بابەتە ئەوەیە کە پێیوایە هەموو چیرۆک و ڕۆمان و گێڕانەوەیەک بەرهەمی خەیاڵە و نابێت واقیع ڕەنگدانەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لە گێڕانەوەکەدا هەبێت، تەنانەت باشترین ڕۆمان و چیرۆک، ئەوانەن کە زیاتر بەرهەمی خەیاڵن.

مەبەست لە ڕۆمانی واقیعی ئەوەیە کە عەقڵ قبووڵی ئەو بەسەرهاتە بکات کە ڕۆماننوس دەیگێڕێتەوە، هەروەها مەبەست لێی گێڕانەوەیەکی واقیعبینانەی ئەو کۆمەڵگایەبێت کە ڕۆمانەکەی تێدا نووسراوە، لە ناوی کارەکتەر و شوێن و کەل و پەلەکانەوە بگرە، هەتا شێوازی ئاخاوتن و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان، پێویستە هەماهەنگییەک لەنێو فەزا و ژینگەی ڕۆمانەکەو شوێنی ڕاستەقینەی باسکراودا هەبێت ، ناکرێت تۆ ڕۆمانێک بۆ باشوری کوردستان بنووسیت و سەرجەم ناوەکانت ئەو ناوە کرمانجی و تورکییانە بن، کە لە باکوری کوردستان بەکاردێن.

باسکردن و ناوهێنانی شوێن لە گێڕانەوەدا بابەتێکی گرنگە، بەڵام کەم دەبینین لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا، ڕاستەوخۆ ناوی شار یان گوند و شەقام و گەڕەگ بهێنرێت، ئێمە دەپرسین بۆچی ئەو چیرۆکەی کە باسی ژیانی کورد دەکات، هەردەم لە شار و گوند و گەڕەکێک بێت، کە خەیاڵییە و زادەی خەیاڵی نووسەرە؟ ئەم شوێنانەی لە ڕۆمانە خەیاڵییەکاندا باس دەکرێن، هیچیان لە کوردستان ناچن، گەر بە ئاشکرا ناوی شارێک یان گەڕەکێک هێنرا، ئایا ناکرێت خوێنەر حەز بە خوێندنەوەی بکات؟

لێکۆڵەرانی ئەدەب و بەتایبەت شارەزایانی ڕەخنەی ڕۆمان سەرنجی جیاوازیان دەربارەی ڕۆمان بەگشتی و بە دیاریکراویش ڕۆمانی واقیعی یان (ڕیالیستی) دەربڕیوە، بەڵام ڕۆمانی خەیاڵی وەک جۆرێک لە ڕۆمان هێشتا لە لای بەشێک لە ڕەخنەگران دانیپێدا نەنراوە، بۆیە دەستکەوتنی پێناسەیەک بۆ ڕۆمانی خەیاڵی کەمێک قورسە و دەبێت لە کۆی گشتی سەرنجەکانەوە ئەو پێناسەیە دروست بکەین.

سەبارەت بە دابەشکردنی ڕۆمان بەسەر واقیعی و خەیاڵی یان پێناسەکردنی ئەم دوو جۆرەدا، لە پۆلێنکردنی ڕۆماندا ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی بە جۆرێک لە ڕۆمان وەسفکردووە، هەروەها لە کتێبی (گەڕان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا)، چەندین ناونیشانی وەک (ڕۆمانی مێژوویی، ڕۆمانی زانستی، ڕۆمانس، ڕۆمانی فەلسەفی، ڕۆمانی خەیاڵی، ڕۆمانی واقیعی) ناوهێنراون.

بەرلەوەی باس لە ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی بکەین دەبێت بڕوانینە سەرنجە گشتییەکان لەبارەی ڕۆمان بە گشتی و ڕوونکردنەوە و باسەکان لەبارەی هەردوو توخمی خەیاڵ و واقیع لە ڕۆماندا وەربگرین، ((ڕۆمان ئەو ژانرەیە کە پەیوەستە بە دونیا و مرۆڤەوە، بە واتایەکی تر ڕۆمان

وێنای واقیع دەکات بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە،بەڵام بە شێوازێکی هونەریانە))(قەرەداغی، ٢٠١٧: ٢١).

کاتێک دەڵێین ڕۆمان پەیوەستە بە دونیا و مرۆڤەوە کەواتە پەیوەستە بە واقیعی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، واتە ڕۆمان لەسەر بنەمای ئەو پەیوەستییە بە واقیع بنیاد دەنرێت و درێژ دەبێتەوە، ئەوە شێوازە هونەرییەکەی گێڕانەوەیە کە وادەکات ڕۆمان لە گێڕانەوەیەکی ئاسایی یان دەقێکی مێژوویی نەچێت، بەڵام ئێمە لەم خاڵەدا هەڵوەستەیەک دەکەین و دەپرسین ئایا ئەم شێوازە هونەرییە کە وەسفی واقیعی پێدەکرێت وچیرۆکەکەی پێ دەگێڕدرێتەوە ڕێگە دەدات کە خەیاڵ لە سنوری ئاسایی دەرچێت و بەرهەمەکە بەرەوە فەنتازی بوونێکی تەواو بچێت؟ ڕەنگە هەڵە نەبین کە ئەم بیر و بۆچوونە بە وەڵامی ئەم پرسیارە دابنێین کە دەڵێت: ((سنوری خەیاڵ و ئەفسانەش ڕەنگە نە لە ڕیالیزمی سیحریدا و نە لە ژیانی ئاساییدا ڕەها نەبێت بۆ هەندێ ئاست، کە بنەمایەکی عەقڵی یان هاوشێوە لەسەر زەمینەی واقیع بۆ ئەو ڕووداوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە بچوکترین ئاستدا نەبینراوە))(قەرەداغی، ٢٠١٧: ١٥٩). کەواتە سنوری خەیاڵ و گێڕانەوەی خەیاڵییش دیاریکراوە، نابێت ڕۆماننووس شتێک بگێڕێتەوە کە هاوشێوەی یان ئیمکانی بوونی لە ژیانی واقیعیدا نەبێت.

پێناسەکردن و ناسینی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی پێویستی بە وردبوونەوە لە گۆشە جیاوازەکانی ڕۆمان هەیە، پێویستە لە دیدگای جیاوازەوە لە توخمە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان بڕوانین و بیانخەینە ژێر ئەو مەرجانەی کە جۆری ڕۆمانەکە دیاری دەکات، باسکردن لە کات و شوێنی ڕووداو لە دەقە ئەدەبییەکاندا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ئەم گرنگییە بۆ ئێستا و داهاتووشە، ڕەنگە ڕۆمان ببێت بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانینی مێژوویەکی ون کە هەرگیز مێژووی سیاسی نەینووسیبێتەوە، ڕەنگە باسکردن و دیاریکراوبوونی شوێن و کاتی ڕووداوەکانەوە جوانییەک ببینین کە هەرگیز لە واقیعی ئەو شوێنەدا هەستمان پێنەکردبێت.

لەهەموو شتێک گرنگتر دیاریکراوی و ڕوونی لە شوێن و کاتی گێڕانەوە ناسنامەیەکی واقیعی بە ڕۆمان دەبەخشێت، کە پەیوەندییەکی زیندوو و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەر دروستدەکات، ((ڕەنگە بەرچاوترین تایبەتمەندی ڕۆمان، دیاریکراویی شوێن و کاتی باسەکەی بێت، کە هەرچەندە بە خەیاڵیش بێت بەڵام لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا وەدەری دەخات کە گێڕانەوەکە باسی کێ وکوێیە، ئەمە ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییەیە کە باختین گوتەنی کرۆنۆتۆپە و زەمەنی گێڕانەوە و شوێن پەیوەندی زیندوو و ئۆرگانیکیان هەیە و بەمەش گێڕانەوەکە لە ئەفسانە و ئوستوورەکان جیا دەبێتەوە))(سەدیق، ٢٠٢١، لا ٢٢).

لە ئەفسانەکاندا مرۆڤ باسی لە ترس و وەهمەکانی خۆی دەکرد، باسی لە ژیانی پاش مردن و پەیوەندی خواوەندەکان بە زەوی و ئادەمیزاد دەکرد، دەیان ڕووداو و بەسەرهاتی جیاواز، لە ناو ئەفسانەکاندا هەن، هەر ئەم ئەدەبە بۆ سەردەم و ڕۆژگاری خۆی، جێگای باوەڕی تەواو و قبوولکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بووە، واتە ئەدەبی هەر سەردەمێک پەیوەندی بە واقیعی سەردەمەکەیەوە هەیە، ((تێکەڵبوونی ڕووداو و بەسەرهاتی ڕۆمان بە ئەفسانە و خەون و خەیاڵ، ئازادی بەکارهێنانی کات لە ڕۆماننووسەکە دەخوازێ و لە پەیڕەوکردنی یەکە چەسپاوەکان دووری دەخاتەوە))(عەلی، ٢٠٠٨: ١٤٩).

شوێن و کات لە ئەفسانە و داستانە خەیاڵییەکاندا هەردەم شوێنێکی نادیار و زەمەنێکی خەیاڵییە چونکە مەبەست لە نووسین یان هۆنینەوەی ئەو داستانانە ئەوە نەبووە گوزارشت لە ژیان و واقیعی ژیانی ئادەمیزادبکات، بەڵکو بۆ ئەوە بووە وەسفی ئەو خەیاڵە بکات کە مرۆڤ بۆ دروستبوونی گەردوون و وێنای خۆی بۆ خودا و شەڕی خوداکان و ژیانی پاش مردن بکات. بێگومان کەسانێک هەن لەخوێندنەوەی ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی کە، مۆرکی کۆمەڵگەکەی و ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکیان پێوەبێت چێژی زیاتر دەبینن وەک لە خوێندنەوەی ڕۆمانێکی خەیاڵی، لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا، ئەم بابەتانە زۆر بەرچاو دەکەون، واتە ناوی کارەکتەرەکان زیاتر ناوێکی خەیاڵی، یان ناوێکە کە لە دەرەوەی کوردستان بەکاردێت، یان ڕووداوەکان ڕووداوگەلێکن کە هەرگیز خوێنەر پێشبینی ڕوودانیان ناکات، یان ناتوانێت وێنای ڕوودانیان بکات، ئێمە بڕیار نادەین ئایا ئەم جۆرە ڕۆمانانە باشن یان خراپ، بوونیان پێویستە یان زیادەیە، یان دەبێت ڕۆمان چۆن بێت، بەڵام ئەگەر چاوێکیش بە ئەدەبی جیهانیدا بگێڕین، ئەوە دەبینین کە بەجێ ماوین لە ئەدەبدا، هێشتا زۆر لەدوای ڕەوتی ئەدەبی جیهانییەوەین، چەندین مۆدێلی ئەدەبی سەریانهەڵداوە، لە جیهاندا کۆن بوون و بەسەرچوون،کەچی لای ئێمە تازە لە برەودان.

بۆ تێگەیشتن لە بابەتی ڕۆمانی واقیعی دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی وشەی (واقیع و واقیعی و ئەدەبی واقیعی)، بپرسین ئایا ئەدەبی واقیعی گێڕانەوەی واقیعە؟ یان وێنەیەکی دەقاو دەق ژیانی ڕاستەقینەیە؟ ، زۆرکەس هەتا ئێستا پێیان وایە کە دونیای ئەدەب بە گشتی دونیایەکی خەیاڵی و دوورە لە ڕاستی ژیانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی گەورەی سامانی ئەدەبی جیهانی لە (شیعر ، چیرۆک، سەرگوزەشتە، ڕۆمان) و ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، لە واقیعەوە سەرچاوە دەگرن، لەم بارەیەوە نازم حیکمەت دەڵێت: ((ڕیالیزم ڕووبارێکی گەورەیە، ڕووبارە بچوکەکان تێیدا کۆدەبنەوە، قوتابخانەکانی دیکە لە نیوە ڕێگا لە ڕۆیشتن دەوەستن، بەڵام ڕیالیزم هەمیشە لە ڕۆیشتنەکەی بەردەوام دەبێت، بە بەردەوامی قوڵتر دەبێت، بە تاقیکردنەوەکان دەوڵەمەند تر دەبێت))(گەرمیانی، ٢٠١٩: ٦٢).

ڕیالیزم وەک قوتابخانەیەک یان ڕێبازێکی ئەدەبی، مێژوویەکی زۆر دێرینی نییە، بەڵام ئەگەر ئەدەبی ڕیالیزمی بە ئەدەبی واقیعی وەربگێڕین، ئەوا دەتوانین بڵێین: کۆنترین جۆری ئەدەبە، چونکە لەوەتەی ژیانی واقیعی هەیە، ئەدەبی واقیعیش هەیە، بەڵام ئەم واقیعی بوونە لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی تری ئەدەبی جیاوازە، بابەتەکە بۆ شیعر بە جۆرێکی ترە ، شیعر زیاتر لە زاڵبوونی هەست بەسەر عەقڵدا لەدایک دەبێت، بە پێچەوانەوە هەموو ئەدەبی گێڕانەوە، بە چیرۆک و ڕۆمان و کورتە چیرۆک و جۆرەکانی دیکەوە، لەناو ئەمانەشدا، ڕۆمان لە هەموویان زیاتر گونجاوە، بۆ ڕەنگدانەوەی واقیع تێیدا و گێڕانەوەی حەقیقەت بە شێوازێکی هونەریی، بۆیە دەبینین نووسەرانی ڕیالیزمی لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ نووسینەوەی چیرۆک و ڕۆمانەکانیان پەنا دەبەنە بەر ڕیالیزم، چونکە ڕیالیزم ئەو ئاوێنە باڵانوێنەیە، کە گێڕانەوە دەتوانێت خۆی تێدا بنوێنێت، پەیوەندی نێوان گێڕانەوە و ڕیالیزم وەک پەیوەندی نێوان شیعر و ڕۆمانسیزمە.

((یەکێک لەو بابەتانەی کە ڕیالیزمییەکان گرنگییەکی تایبەتیان پێدەدا ڕۆمان بوو، ئەگەر جاران یان پێشتر ڕۆمانسیزمییەکان شیعری لیریکی بەلایانەوە ژانری یەکەم بوو، کە زیاتر لەباربوو بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و خەمەکان، بەڵام بەلای ڕیالیزمییەکانەوە ڕۆمان دەیتوانی ئەو هەموو کێشەو ململانێ و جیاوازی بۆچوون و ئایدۆلۆژیا و پێشکەوتنە فەلسەفییە دەربڕێت کە لەو ڕۆژگارەدا هاتبوونە مەیدان))(حوسێن، ٢٠١٤: ١٤٤). ئەگەرچی شیعر لە کات و سەردەمی خۆیدا توانیویەتی گوزارشتێکی باش لە خۆشی و ناخۆشییەکان بکات، بەڵام ئەوەی کە نەمری بە شیعر دەبەخشێت ڕووکردنە واقیع نییە، بەڵکو باسکردنە  لە هەست و تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ جوانی ژیان، هەندێک لەو شیعرانەی کە بۆ واقیع نووسراون شیعری نەمر نین و لەگەڵ گۆڕان و بەرەوپێشچوونی سەردەمدا بەسەردەچن و چێژی خۆیان لەدەست دەدەن.

ڕیالیزم لە ئەدەبی ڕۆژئاوا و لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات، لە قۆناغێکی تایبەتیدا دێتە ئاراوە، دەکرێت ئەم قۆناغە ناو بنێین قۆناغی هۆشیاری ئەدەبی، یان هەستکردنی مرۆڤ بەوەی کە دەتوانێت لە ڕێی ئەدەبەوە، واقیعی ژیان بگێڕێتەوە و کاریگەریشی هەبێت، ئەم واقیعەش تەنها بە گێڕانەوە دەتوانێت وەک خۆی پیشانی بدا، سەرهەڵدانی ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی پەیوەندی زۆری بە خواستی ئەدیبان بۆ گێڕانەوەی واقیع و کاریگەری دانان لەسەر واقیع هەبووە، ڕۆمان ئەو پانتاییە بەرفراوانەیە کە واقیع بە تەواوی تێیدا دەنوێنرێت، ((ڕۆمان ئەو سەربەستییە پێویستە بۆ هونەرمەند دابین دەکات، ئەگەر ویستی وێنەی ژیان بە شێوەیەکی تەواو بگرێت))(گەرمیانی، ٢٠١٩: ٦٢).

دەستکراوەیی نووسەری ڕۆمان لە بەکارهێنانی وشە، درێژکردنەوەی گێڕانەوە، وەسفکردن، ئەو سەربەستییە بەدیدێنێت کە ڕۆماننووس ژیانی واقیعی وەک خۆی، بگرە بەو چاوەش بگێڕێتەوە کە هونەرمەندێکی جوانبین دەیبینێت. چیرۆکێکی درێژی خۆشەویستی ، یان واقعی چەندساڵەی ئەنفال تەنها بە ڕۆمان دەگێڕدرێتەوە.

سەبارەت بە ڕۆمانی خەیاڵیش، پێویستە بۆچوون و ڕوانینێکی  گونجاو بخەینە بەردەست کە ڕوانگەیەکی ڕوونمان بداتێ کە لە بەشی پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەماندا سودی لێببینین،  ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێشینەیەک لەبارەی چیرۆک و گێڕانەوە خەیاڵییەکان پێویستە لەو باوەڕە باوەی خەڵک دەستپێبکەین، کە پێیوایە هەر چیرۆکێک ئەگەر جێگەی باوەڕ نەبوو ئەوا چیرۆکێکی خەیاڵییە و ئەگەریش بە پێچەوانەبوو ئەوا دەڵێن چیرۆک یان بەسەرهاتێکی واقیعی یان ڕاستییە، ئەمە ڕوانینێکی گشتی بەشێک لەو کەسانەشە کە دەخوێننەوە، بەشێک لە ڕاستیش لەم ڕوانینەدا هەیە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی زانستی پێناسەی ڕۆمانی خەیاڵی بکەین، دەبێت پشت بەو سەرچاوانە ببەستین

کە لەبارەی ئەم بابەتە نووسراون، ((هەموو گێڕانەوەکان بەرهەمی خەیاڵ یان زەینن، ڕەنگە ئاستی پەیوەندی خەیاڵی گێڕانەوە یان گێڕانەوەی خەیاڵی لەگەڵ واقیع جیاوازبێت، بەڵام کە بوو بە فیکشن و زادەی خەیاڵ، تۆ لەگەڵ چەمکێک ڕووبەڕووی لەدەرەوەی ئەمەی پێی دەوترێت ڕاهاتن، پێی دەڵێن واقیع، ئەمە ئەگەر بێتو گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەش بێت هەربە ئەنجامی کارکردی خەیاڵ دادەنرێت)) (سەدیق، ٢٠٢١: ١٦). گێڕانەوەی خەیاڵی هەمان ئەو بابەتەیە کە ئێمە دەمانەوێت لێی بدوێین، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان گێڕانەوەی خەیاڵی و گێڕانەوەی واقعیدا، ئەم جیاوازییە هەمان ئەو جیاوازییەیە، کە لە فۆرم و ناوەڕۆکی ڕۆمانی سەرەتا و ڕۆمانی نوێی کوردیدا هەیە. ((ئەگەر گێڕانەوە یان ژانری خەیاڵ ناوێکی گشتی بەشێکی سەرەکی نووسین بێت، ئەوا بە دەیان لق و پۆپی جۆراو جۆری لێ دەبێتەوە ، لە ڕۆمانسەوە بگرە هەتا رۆمان و نۆڤلێت و چیرۆکی کورت و چیرۆکی زۆر کورت ، دەبنە ئەندامانی ئەم بنەماڵە گەورەیەی خەیاڵ))(سەدیق ١٧: ٢٠٢١).

توانای خەیاڵکردن لای نووسەران جیاوازە، ئەو نووسەرەی کە قوڵترین خەیاڵ بکات بەرزترین بەرهەمی ئەدەبیمان پێشکەش دەکات، ئەگەر چیرۆکێکی کورت لە لایەن دوو کەس بگێڕدرێتەوە کە یەکێکیان توانای خەیاڵکردن و وێنا کردنی قوڵتر بێت، ئەوکات گرنگی ئەم ڕەگەزە گرنگە لە گێڕانەوەدا دەبینین.

ڕۆماننووس کە دەست بە نووسینی ڕۆمانەکەی دەکات دەیەوێت دونیایەک دروستبکات کە مرۆڤەکانی هەمان ئەم مرۆڤانەبن کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا بوونیان هەیە، لەوانەشە بیەوێت بە جۆرێکی دیکە پێناسەی مرۆڤ و ژیانمان بۆبکات و، جیهانێکی تەواو جیاوازمان لە نێو رۆمانەکەدا پیشانبدات.، ئەو جیهانەش کە خوڵقاندوویەتی ، دەسەڵاتی تەواوی بەسەریدا هەیە و دەتوانێت کارەکتەر و ڕووداو و شوێن و چارەنووسی ڕۆمانەکە و، بابەتی چیرۆکەکە بەو شێوەیە دابنێت کە خۆی دەیەوێت. بابەتەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە ئایا تا چەند نووسەر توانیویەتی دونیاکەی خۆی واتە جیهانی نێو ڕۆمان وەک جیهانێکی واقیعی پیشانبدات و لە هەمانکاتیشدا ئەو پیشاندان و وەسف و وێنا کردنە بە هونەریترین زمان و دەربڕین بە خوێنەر بگەیەنێت.

لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا دۆخەکە لە نوسەرێک بۆ نوسەرێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام دەنگی زاڵ گێڕانەوەی واقیع نییە، بەڵکو نوسەرانی نوێ دەیانەوێت جیهانێکی دیکە لە نێو ڕۆمانەکەیان دروستبکەن، کە زۆر دوور و جیاوازە، لەو جیهانەی کە ئێستا مرۆڤی کوردی تێدا دەژی، ئەگەر ڕۆمانی نوێی کوردی هەقیقەتیش بگێڕێتەوە، ئەوا چەشنی گێڕانەوەکە و توخمە سەرەکیەکانی گێڕانەوەکەی بە جۆرێکە کە هیچ لەو چیرۆکە ڕاستەقینانە ناچێت کە عەقڵی مرۆڤ وێنای ڕوودانیان دەکات ((ڕۆمانی نوێ دەیەوێ هەقیقەتێک بگێڕێتەوە ئەگەرچی ئەم هەقیقەت گێڕانەوەیەش لە بنچینەدا پشت بە گێڕانەوەی مێژوویک دەبەستێ))(عومەر، ٢٠٢٠: ١٧٩). ئەم مێژووە کاریگەرییەکی زۆر قوڵ و درێژخایەنی لەسەر هەموو گۆشەکانی ژیانی تاکی کورد کردووە، جیاوازییەکی زۆری بیرکردنەوە و ڕوانین، بۆ بابەتەکانی وەک خۆشەویستی و ژینگەپارێزی و خۆ بە بەرپرس زانین بەرامبەر ئەوانی دی، لای تاکی کورد جیاوازە لە تاکی وڵاتانی دەوروبەرمان، تەنانەت ڕوانینی پیاوی کورد بۆ ژن و مەسەلەی ژن کوشتن ئەو گرێیانەن کە بە دەگمەن نەبێت لە گێڕانەوەی کوردیدا دەستیان بۆ نەبراوە.

لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا کۆمەڵێک ڕووداو، تایبەتمەندی کەسی و پەیوەندی هەن، کە دەکرێت وەک چیرۆکی ژیانی کەسەکە، دیاریکەری چارەنووسی تەماشابکرێن، لەوانەیە ئەم بابەتە بۆ خەڵکی ئاسایی بەشێک بێت لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ، جێگەی گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆ نەبێت، بەڵام هەر ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە لەلای ئەدیبێک، ببن بە هەوێن بۆ نووسینی جوانترین دەقی ئەدەبی شیعر، چیرۆک ، یان ڕۆمان. ڕۆمان وەک فراوانترین بواری کارکردنی ئەدەبی، نواندنی توانای نووسەرە و وەک باشترین ڕێگا بۆ گێڕانەوەی ژیننامە، یان تێکەڵکردنی ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤ لەگەڵ ئەدەب لەهەموو ژانرەکانی دیکە زیاتر دەگونجێت بۆئەوەی لەگەڵ واقیعدا ئاوێتە بکرێت، ڕۆمان بەشێکی گرنگ لە ژیانی ڕاستەقینە، سروشت و ڕووداو و شوێن و کەسایەتی وەردەگرێت، ئەگەر ورد ببینەوە لە شیعر و پەخشان و چیرۆک و ڕۆمان و سەرجەم ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی، ئەو ڕاستییە بە ڕوونی دیارە کە چ پەیوەندییەکی توندو تۆڵ و ڕیشەیی لەنێوان ژانری ڕۆمان و واقیعیەتدا هەیە. ((سەبارەت بە پەیوەندی ئەم ژانرە ئەدەبییە بە ڕێبازی ڕیالیزمیشەوە، دەبینین ڕێبازی ڕیالیزم، لە هەموو ژانرەکانی ئەدەب زیاتر لە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕۆمانەوە نزیکە))(حەویزی، ٢٠١٩: ٣٧). چونکە واقیعی زاڵ لەو دەمەدا وای دەخواست کە ئەدەبیش ئەدەبێکی واقیعی بێت.

لەنێو سەرجەم ژانرەکانی ئەدەبدا، گێڕانەوە بواری تەواو دەڕەخسێنێت بۆ خۆ نواندنی واقیع، ڕۆمان وەک چیرۆکێکی درێژ لەنێو واقیعەوە دێتە بەرهەم و ناوەڕۆکەکەشی گوزارشتە لە خەیاڵ و تێگەیشتن و لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ واقیع، هەر پەیوەست بە پەیوەندی ڕۆمان بە واقیعەت یان ڕیالیزمەوە دکتۆر عادل گەرمیانی دەڵێت: ((پەیوەندی نێوان ڕۆمان و ڕیالیزم پەیوەندییەکی پتەوە، چونکە زیاتر لە دوو سەدە و نیوە مۆرکی ڕیالیزم لە جیهانی ڕۆماندا بەردەوامی خۆی پاراستووە، ئەمەش بە پێچەوانەی پەیوەندی نێوان ڕۆمان و هەندێ شەپۆل و ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبی دیکە، کەوا بە هەمان جۆری ڕیالیزم نەیانتوانیووە بە بەردەوامی و بەرفراوانی لە نێو ژانری ڕۆماندا ڕەنگبدەنەوە))(گەرمیانی، ٢٠١٩: ١٠٣). لەوانەیە هەڵە نەبین گەر بڵێین لەو ڕۆژگارەدا کە ڕۆماننووسین لەناو کورددا سەریهەڵدا ڕۆماننووسی کورد ئاگایی و زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی ڕێبازە ئەدەبییەکانی جیهان، بە تایبەت و دیاریکراویش لەبارەی ڕیالیزم نەبووبێت، تاکو لە چوارچێوەی پێوەر و یاساکانی ڕیالیزمدا ڕۆمانەکەی خۆی نووسیبێت، بەڵکو ئەوە واقیعی کۆمەڵگای کوردی بوو کە وای دەخواست، نووسەران دەست بۆ نووسینی ڕۆمانگەلێک ببەن کە گوزارشت بێت لە گرفت و ئاریشەکانی کۆمەڵگای کوردی، ڕۆمانەکانی سەرەتا واقیعی تر بوون لە ڕۆمانەکانی ئێستا.

ڕۆمانەکانی زەمەنی سەرهەڵدانی ڕۆمان لای کورد زیاتر تایبەتمەندی ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای کوردی و ژیانی کوردەوارییان پێوەدیار بوو، مرۆڤ هەر کە دەیانخوێنێتەوە یەکسەر ئەو خاڵە لەلای گەڵاڵە دەبێت، کە ئەمەی نووسەر نووسیویەتی ژیانی ڕاستەقینەیە و بۆ خۆی و باب و باپیرانی پێشهاتووە، بەڵام نووسەر بە دەست و قەڵەم و خەیاڵێکی هونەری نووسیویەتیەوە و وایلێکردووە خوێندنەوەی زۆر لە ئەزموونکردنی چێژبەخشتر بێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر نموونەی یەکێک لەو ڕۆمانانە وەربگرین کە لە چوارچێوەی ئەو ڕەوتە خەیاڵی و نا واقعییەی ئێستادا نووسرابێت، هەر کە دەست بە خوێندنەوەی دەکەی هەست بە نامۆییەک دەکەیت کە لەگەڵ واقیعی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤ و ئەو مێژووەدا ناگونجێت، کە مرۆڤایەتی تێیپەڕاندووە.

ئەدەبی واقیعی یان ئەدەبیاتی واقیعی خوازانە پانتاییەکی بەرفراوانی لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا داگیرکردووە، ئەدەبی واقیعی کوردیش بەشێکە لەو پانتاییە، لە کۆندا ئەدەبی واقعی لەناو چیرۆک و سەرگوزەشتە و بابەتە میللیەکان و فۆلکلۆرییەکاندا بوو، بەڵام ئێستا دەبێت لەنێو ڕۆمان و چیرۆکەکاندا بۆ ماکەکانی ئەم چەشنە ئەدەبە بگەڕێین.

## تەرەری دووەم: پێناسەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی

پێناسەکردنی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی یارمەتییەکی زۆرمان دەدات بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و پوخت، هەروەها ئاراستەی کارکردنمان دیاریدەکات، لە ساڵانێکی زۆر لەمەوبەرەوە لێکۆڵەران و ئەدەبناسان پێناسەی دیاریکراویان بۆ هەر یەک لە ژانرەکانی ئەدەب و لق و پۆپەکانی ئەو ژانرانە دیاریکردووە، ناوە ناوەش لە ڕێگەی سەرهەڵدانی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکانی جیهانەوە پێناسەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و وەک خۆیان نەماونەتەوە، بەڵام بە گشتی دەکرێت چەند بنەمایەکی گشتی لە بەشێک لەو پێناسانەدا هەبن کە پارێزگاریان لە بوونی خۆیان کردبێت و وەک خۆیان ماونەتەوە و تا ئێستاش بایەخ و گرنگیان لە جیهانی ئەدەبدا لە برەودایە، گەر بمانەوێت پێناسەی ڕۆمانی واقیعی بکەین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی ڕۆمانی ڕیالیزمی یان واقیعگەرایی و لەوێوە لە کۆی بەشێک لەو پێناسانە پێناسەیەکی گونجاو و نوێ بۆ ڕۆمانی واقیعی دابنێین.

ڕەنگە یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی ڕۆمان لە چیرۆک و ژانرەکانی دیکەی گێڕانەوەی پێش خۆی ئەوەبێت کە سەرهەڵدانی هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی (ڕیالیزم) لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا، ڕۆمان و واقیعیخوازی ڕیشەیەکی دێرین و دانەبڕاویان هەیە و بوونی یەکێکیان بەندە بەبوونی ئەوی دیکەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆمان لە سەرەتاوە بۆ گوزارشتکردن لە واقیع داهێنراوە و لەناو واقیعەوە سەرچاوە دەگرێ خۆی گەشە پێدەدات و دەگاتە لوتکە.

بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، ((ڕۆمان گێڕانەوەی پەخشانێکی خەیاڵییە یان حیکایەتێکە درێژییەکی لەبەرچاوی هەیە کە تیایدا خستنەڕووی

کەسێتی و ڕووداوەکانی ژیانی ڕاستەقینەی ڕابردوو ، ئێستا و ێنا دەکرێت، لە گرێچنێکی زۆر یان کەم ئاڵۆزدا))(قەرەداغی، ٢٠١٧: ١٥).

لەبارەی ڕۆمانی ڕیالیزمی یان واقیعییەوە "جۆن فیتشەر" دەڵێت: ((ڕۆمانی ریالیزم... ئاوێنەیەکی خستە بەر ڕووی کۆمەڵی چینی ناوەندی، لەبەرئەوەی وێنەکەی شەوقدار نەبوو، ئەوسا وەکو ئامێرێکی لێهات دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بکرێت. کۆمەڵە بەرفراوانەکان تەنیا ڕیایی کەرەکان قبوول دەکەن نەک ڕەخنە لێگرەکانی، هەرچەندە ئەوەی جێی سەرسوڕهێنانە ئەو ڕەخنەگرانە جێی سەربڵندی ئەو کۆمەڵەن)) (گەرمیانی، ٢٠١٩: ١٠٥).

(رینیە ویلیک)، لە کتێبی (شاکارەکانی ئەدەبییەکانی جیهاندا) دەڵێت: ((ڕیالیزم بەرجەستەکردنی ڕاستگۆیانەی واقیعیەتە ، واتە ژیان و ڕەفتاری سەردەمی لە دەورەیەکی یان قۆناغێکی تایبەتی ئەدەبیدا))(ڕەشید، ٢٠٠٧: ١٧).

لە پێناسەکانی دیکەدا هاتووە ((ڕۆمانی واقیعی دەیەوێت هەموو تێما و بابەتێک باس بکات کە دەشێ ببێتە بابەتی ناوەڕۆکی ڕۆمان، نووسەری واقیعی دەیەوێت ڕەخنە بگرێ و هەموو قەدەغە و تابوویەک بشکێنێ وەک: قەدەغە کۆمەڵایەتییەکان،توندوتیژی، ئایینی، ڕاسیزم و سیاسەت. هەر لەبەر ئەم خەسڵەتەش زۆربەی نووسەرە واقیعییەکان بوونەتە سەرچاوەی نارەزایەتی و ڕەخنە))(https://www.languefr.net/2017/2018/quest-ce-que-roman-realiste.htm1?fullpost)چەمک و دەستەواژەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی چەمکێکی نوێن لە نێو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بۆیە زۆر کەم بەرچاو دەکەوێت لە کتێب و سەرچاوە کوردییەکاندا پێناسەی ئەم دوو جۆرەی ڕۆمان کرابێت، بۆیە بۆ بەدەستخستنی پێناسەی هەردوو جۆرەکە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو پێناسانەی کە ڕەخنەگران و ئەدەبناسانی جیهان پێشکەشیان کردووە. ((ڕۆمانی خەیاڵی پەخشانێکە ڕووداو یان چیرۆکێکی خەیاڵی دەگێڕێتەوە، لەناو فەزا و شوێنێکی خەیاڵی، هەندێ کەسایەتی (کارەکتەری خەیاڵی) بە پێش دەخا، بەهۆی ئەم هەڵکەوتەوەزیاتر وەک ڕەمز دەردەکەوێت))(http:/dictionary.tn/quest-ce-quun-texte-fictif).

## یەکەم: کێشەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە ئەدەبی کوردیدا (سەرهەڵدان و گەشەسەندن).

بۆ ئاشنا بوون و تێگەیشتن لە کێشەی واقیع و خەیاڵ لە ڕۆمانی کوردیدا پێویستە سەرەتا پوختەیەکی مێژوویی گشتی سەبارەت بە ڕۆمان و سەرهەڵدان و گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئەم ژانرە لە ئەدەبی کوردیدا بخەینەڕوو، تاکو لە گۆشەنیگایەکی فراوانترەوە لە بابەتەکە بڕوانین و ڕەگ و ڕیشەی گرفتەکە ببینین.

ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی بکەین لە ئەدەبی کوردیدا، بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی دەگەڕێتەوە، هیچ ڕۆمانێک نییە بە تەواوی وسەد لە سەد واقیعی یان خەیاڵی بێت ، چونکە دواجار بە شێک لەوەی کە دەگێڕدرێتەوە زادەی خەیاڵی نووسەرە و بەشێکیشی ئەو واقیعەیە کە خۆی تێیدا ژیاوە یان بینیوەیەتی، بە پێی بە هێزی لایەنەکانی خەیاڵ و واقیع ڕۆمانەکە دیاری دەکرێت کە ڕۆمانێکی خەیاڵییە یان واقیعیە.

لەسەر ئاستی هەمووکوردستان ئەگەر؛ "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار بە ڕۆمان دابنرێت، کە لە ساڵانی ١٩٢٧-١٩٢٨ نووسراوە، ڕۆمانێکی واقیعییە، زۆربەی ڕووداوەکانی دەشێت لە ژیانی ئاساییدا ڕوویاندابێت، هەروەها سەرجەم توخمەکانی گێڕانەوە و تەنانەت زمانی گێڕانەوەش واقیعی ئەو سەردەمەن کە تێیدا ڕۆمانەکە نووسراوە، ڕۆمانەکە بە قوڵی و وردی چووتە ناو ڕاستییەکانی ژیانی ئەوسای کۆمەڵگای کوردستانەوە.

(مەسەلەی ویژدان) باسی ئەو گرفتانە دەکات کە ئەوکات تاک لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیبووە کە ئەویش ڕووکردنە پارەو سامان و دوورکەوتنەوە بووە لە ویژدانی مرۆڤایەتی، ئەگەر ئەم چیرۆکە درێژەی ئەحمەد موختار جاف بە ڕۆمان دابنێین، دەتوانین بڵێین سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی واقیعی کوردییە و واقیعی ترین ڕۆمانی کوردییە، چونکە ڕێک لە هەناوی کۆمەڵگا و چەرمەسەریی و، ژێردەستەیی و ڕەنجبەخەساریی چینی جووتیار و کرێکار، لە بەرامبەر ئاغا و دەرەبەگ و کاربەدەستانی میریی باس دەکات، (مەسەلەی ویژدان) ڕۆمانێکە بە فۆڕمی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە نووسراوە، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەش ڕێبازێکی ڕۆژئاواییە بۆ نووسینی بەرهەمی ئەدەی،وەک دکتۆر ئیحسان فوئادیش

لە پێشەکی چاپی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: ((ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە لە ئەدەبی ئەوروپادا بەو ڕێبازە گەورەیە دەڵێن کە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە کەوتە پەیدابوون و گەشەسەندن،ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بایەخێکی گەورەی دا بە ڕووهەڵماڵینی دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و زۆری چینە دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا، ناتەواوی و تەڵەکەبازی و دەستبڕینی چینە کاربەدەستەکانی دەرخست، چاوی میللەتانی کردەوەو ڕاستیی بەختیاریی ژیانی ژێر سایەی ڕژێمی سەرمایەداری بۆ دەرخستن، لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەوروپا کە مەشخەڵی ئەم ڕێبازەیان هەڵگرتووە، دیکنیز، بەلزاک، ستانداڵ، تۆڵستۆیە، سەرکەوتنی ئەم ڕێبازە گەورەیە لە ڕاستی و وردبی نیگارکێشاندایە، دەتوانین بڵێین ئەم چیرۆکەی (ئەحمەد موختار جاف) لە ئەدەبی کوردیدا سەرەتای ئەو ڕێبازە ئەدەبییەیە))(جاف، ٢٠٠٨: ٨).

لە مێژووی چیرۆک و گێڕانەوەی کوردیدا، لەگەڵ چیرۆکی (لەخەوما)ی ''جەمیل سائیب''دا ١٩٢٥وە، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە هەستی پێدەکرێت، ((چیرۆکی لە خەوما لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەچێتە خانەی (ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەوە) کە سیمایەکی مێژوویی پێوە لکاوە لە کات و سەردەمێکی دیاری دیاریکراودا))(بەرزنجی ٢٠١٢: ١٠٤).

شڤانی کورد لەو ڕۆمانانەیە کە ناونیشانەکانیان کلیل و ڕێبەریی خوێنەرن، کە بەبێ ئەوەی پەڕەکانی هەڵبداتەوە، بیرۆکەیەکی گشتی لەمەڕ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە لەلا گەڵاڵە ببێت، بە یەکەم سەرنجدان لە ناوونیشانەکەی، دەتوانی بزانی باسی چی دەکات، ئەم ڕۆمانە لە هەناوی ژیان و نەریتی شوانکارەیی کوردەوە وەرگیراوە، باس لە نەهامەتی و نەداریی و سەختییەکانی ژیانی کەسێک دەکات ،کە لە توێژی بەربڵاوی شوانکارە بووە ، ئەو دەم عەرەبی شەمۆ دێت ژیانە واقعییەکەی کوردەواری دەکاتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ گێڕانەوە و نووسینی خۆی، هەموو شتێک لەم ڕۆمانەدا مۆرکێکی کوردەواری هەیە، باس لە وێستگەیەکی ژیانی تاکی کورد دەکات لەو دەمدا و لەنێو گوندە چیاییەکانی قەفقازدا، ژیانی ڕاستەقینەی خودی نووسەر چیرۆکی ئەم ڕۆمانەیە، ڕۆتینی سادەو ساکاری کوردێک لە لەخەو هەستانی سبەینان تا نووستنی شەوان، تەنانەت بیرکردنەوە و ڕوانین و خەیاڵیان بۆ ژیان و دونیا، لە وانەش گرنگتر بیری سیاسی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە و بەشداریکردنی لە خەبات و تێکۆشاندا، هەمووی لەم ڕۆمانەدا هەیە، (( لەڕووی هونەری گێڕانەوە ، تەواوی ئەو تەکنیکە هونەرییانە بەکار هاتوون کە لە ڕۆمان یان گێڕانەوەی کلاسیکی ڕۆمانی بیۆگرافی بەکارهاتووە.نووسەر ڕاستەوخۆ باسی ژیانی خۆی دەکات))(عومەر، ٢٠٠٦: ٨). ئەگەر کۆمەڵێک مەرج دابنێین بۆ ڕۆمانی واقیعی وەک، وەسفی شوێن و ڕووداو کارەکتەر و ناوی کارەکتەرەکانی ڕۆمان ، زمانی گێڕانەوە ئەوا دەکرێت ئەم ڕۆمانە وەک یەکەم ڕۆمانی واقیعی کوردی تەماشا بکەین، چونکە بەشێکی زۆری ئەو مەرجانەی تێدایە کە ڕۆمانێک دەکەن بە واقیعی، ڕۆمانەکە لە هەناوی دۆخە کۆمەڵایەتییەکەوە هاتووەتە دەرێ، هاوشێوەی ناو و پیشە و تایبەتمەندی کارەکتەرەکانیشی،دەکرێت دەیان جار و لە دەیان شوێن و سەردەمی کوردەواریدا هەبن. کاتێک ڕۆمانی شڤانی کورد دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت ئەندامێکی بەتەمەنی خێزانەکەت سەگوزەشتەی ڕاستەقینەی خۆیت بۆ دەگێڕێتەوە.

هەروەها ڕۆمانەکەی محەمەد عەلی کوردی بەناوی ''نازدار یان ژنی کورد لە لادێ'' کە لە ساڵی ١٩٣٦ لە ژمارەکانی (١١،٩،٧ ) لە گۆڤاری ڕووناکی بە ئەڵقە بڵاو کراوەتەوە، بۆ یەکەمجار لەسەر بەرگی ئەم بەرهەمە زاراوەی ڕۆمان بەکارهاتووە، ئەم بەرهەمە ئەگەرچی ناتەواوە و نیوەی ونبووە، بەڵام دەکرێت وەک بەشێک لە ڕەوتی ڕۆماننووسینی کوردی دابنرێت. ڕۆمانی ''پێشمەرگە''ی ڕەحیمی قازیش، یەکێکی دیکەیە لەو ڕۆمانانەی کە پێویستە باسبکرێت، ئەم ڕۆمانە ساڵی ١٩٥٨ نووسراوە و ساڵی ١٩٦١ لە بەغداد بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بەم ڕۆمانە ((هەندێک لایان وایە کە کاریگەری بەسەر باشوری کوردستانەوە نییە، چونکە کەسێتی و ڕووداو و شوێن و کەش و هەواو و ژینگەکەی ، هەڵقوڵاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و نووسەرەکەشی لەدایکبووی ئەوێیە))(قادر، ٢٠٠٩: ١٠). لەبەر ئەوەی کە کارەکەی ئێمە پەیوەندی بە دیاریکردنی کاتێک هەیە بۆ نوسینی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە ئەدەبی کوردیدا، بۆیە زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان دەدەین پەیوەست بە قۆناغە مێژووییەکە. ڕۆمانی "پێشمەرگە" پێش هەموو شتێک ناوەکەی لە هەناوی واقیعی کۆمەڵگای کوردییەوە سەریهەڵداوە، نوسەر زیرەکانە ناوی پیرۆزترین ڕەمزی کوردایەتی بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە کە ئەویش "پێشمەرگە"یە، بە خوێندنەوەی ناوونیشانی ئەم ڕۆمانە بۆت دەردەکەوێت کە باسی، خەباتی کوردایەتی، دۆخی کوردستان ، بەرخۆدان و قارەمانێتی پێشمەرگە دەکات، سەبارەت بە

کاریگەری بەسەر ڕەوتی ڕۆماننووسی لە باشوری کوردستان ئێمە پێمانوایە کە کاریگەرییەکی گەورە وگرنگی هەبووە، چونکە هەم لێرە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەم لە قۆناغێکدا بڵاوکراوەتەوە کە قۆناغی شۆڕش و توڕەیی خەڵک بووە، لە دەسەڵاتی ئەوسای عێراق، لەو دەمەدا پێشمەرگە، تروسکایی هیوای ڕزگاری میللەت بوو، کتێبێک بە ناوی پێشمەرگە بێ شک و گومان کاریگەریی بێوێنە دادەنێت. نوسەرانیش لەم کاریگەرییە بێبەری نابن، ئەگەر بێت و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەیی ئەنجام بدرێت، لەوانەیە دەربکەوێت کە چەندین بەرهەمی ئەدەبی لەو دەمەدا بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕۆمانی پێشمەرگە نووسرابن، کە ئەمەش کاری ورد و پشوو درێژی دەوێت، ((ئەم قۆناغە دەبوایە ببێتە قۆناغی ڕەگداکوتان و گەشەکردنی ڕۆمانی کوردی لە باتی دەیەی هەشتاکان، چونکە پێش ئەم قۆناغە بناغە و زەمینەیەکی تا ڕاددەیەک لەبار بۆ ڕۆمانی کوردی ڕەخسابوو، ڕەخنە و گفتوگۆی چیرۆک و چیرۆکی درێژ و ڕۆمانی کوردی سەریهەڵدابوو)).( قادر٢٠٠٩:١١). بوونی ڕەخنەی چیرۆک و ڕۆمان بە واتای بوونی ڕۆمان و چیرۆکیش دێت، کەواتە گرنگە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە لە هۆکاری نەبوونی ڕۆمانی کوردی دەپرسێت لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا؟

لەو سەردەمەدا کە ڕۆمانی کوردی لە باشوری کوردستاندا سەرهەڵدەدات، کوردستان لە بارودۆخێکی تایبەت و لەبیرنەکراودا دەبێت، خەڵکی بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرەو سەنتەری شارەکان کۆچ دەکەن، هۆکارەکانی کۆچکردن جۆراو جۆر بوون، کێشە و گرفتی ئابووری و سیاسی و بێزاری لە ژیانی گوند و خوێندنی کچ و کوڕی خێزانە گوندنشینەکان،کە لە زانکۆکاندا وەردەگیران ناچار خێزانەکانیشیان بەرەو شار کۆچیان دەکرد، کە دەشهاتنە شار گرفتی زۆریان بۆ دروست دەبوو و ژیانی شار بۆیان نامۆبوو تووشی پێکدادان و تێکەڵی کلتوری دەبوون، ئەمە کێشەیەکی گەورەبوو، لە ڕۆمانی واقیعی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و گوزارشتی لێکراوە، تەنانەت ئەم ئەدەبە لە سەرزەمینەی واقعیش، جۆرە دژایەتیەکی لە نێوان خەڵکی شار و گونددا دروستکرد، کە تا ئێستاش کاریگەریی ماوە.

بە ڕوانینێکی مێژوویی و گەڕانەوە بۆ فۆرم و ناوەڕۆکی ڕۆمانی کوردی، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕۆمانی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لە نێو ئەدەبی کوردیدا، وەک ژانرێکی سەربەخۆ و واتادار، زیاتر لە هەناوی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و ئابووری سەردەم و ژیاری خۆیەوە سەریهەڵداوە، بە هەموو شەرت و مەرجێک ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا لەسەرەتاوە تاکو گەشەکردن ڕەوتێکی واقعیانەی هەبووە، ((ڕۆمانی کوردی لە سەرەتای نووسینیدا وەک خۆی فۆتۆکۆپی واقیعی میللەتی کورد بووە، بەڵکوزۆربەشیان دەربڕی ئەو ئێش و ئازار و بەرگری مانەوەی تۆمارکردووە و کێشە کۆمەڵا یەتییەکانی وەک هەژاری و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و کێشەی ئاغا و جووتیار و مەسەلەی زەوی و زاری لادێ و کۆچی لە لادێ بۆشار و وێناکردنی کێشە نەتەوەییەکەی بووە بە کۆچ و کۆڕەو و شەڕی بەرگری و کێشە سەخت و ئاڵۆزەکانی مرۆڤی کۆچکردووی لادێکان کە تووشی بوونەو چەندان کێشەی کۆمەڵآیەتی و چینایەتی و گیروگرفتی دیکە کە ڕۆماننووسی کورد نەیانتوانیوە لەم مێژووە پڕ ستەمە دەربازبن بۆیەش ڕۆمانی کوردی وە لایەنگرێکی کێشەی ڕەوای میللەتی کورد تۆماری خۆی کردووە))(ڕەشید، ٢٠٠٧: ١٩).

ئەم ڕایە کە دوای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی ڕۆمان وتراوە، بەڵگەی تەواوە لەسەر ئەوەی کە ڕۆمانی کوردی لە سەرەتا و دەستپێکدا ئاوێنەی باڵا نوێنی واقیعی کۆمەڵگا و، ژیاری کوردەواری بووە بە هەموو لایەنەکانیەوە، ڕۆمان بۆخۆی بەرهەمی سەرهەڵدانی شار و ژیانی شارنشینی و گەشەکردنی پیشەسازی وفراوانکردن و ڕێکخستنی،کاری توێژێکی گەورەی پێکهێنەری کۆمەڵگا، کە فەرمانبەران و کرێکارانن، زیادبوونی ڕۆڵی ئامێر و ئاسان بوونی ژیان.

لەبارەی سەرهەڵدانی چەمکی ڕیالیزم و پەیوەندی بە سەرهەڵدانی ڕۆمانیشەوە، زۆرێک لە نوسەران ڕای خۆیان دەربڕیوە و پێیان وایە کە هەردوو چەمکەکە زادەی قۆناغی دەسەڵاتی چینی بۆرژوا و شارنشینی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین، ئەم ڕایە سەبارەت بە سەرهەڵدانی هەردوو چەمکەکە لە کوردستانیش ڕاستە، ((لە هەر سەردەمێکدا یەکێک لە جۆرەکانی ئەدەب فەرمانڕەوا دەبن، سەدەی حەڤدەهەم سەدەی تراژیدیا و شانۆ بوو، سەدەی ١٨ سەدەی بیرو پەخشانی بیر بووە،ئەگەر درەنگتریش،بە سەردەمی ڕۆمانسیزم بژمێرین،ئەوا سەردەمی ڕیالیزم بە سەردەمی ڕۆمان دەژمێردرێت))(پیرباڵ، ٢٠٢١:١١٩).

((مێژووی ڕیالیزم لە ئەدەبی چیرۆکی کوردیدا کورت و سنوردارە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە چەندین کێشەی ئەدەبی ساز ببێت، بۆ وێنە، چیرۆک نووسانی قۆناغەکانی تر، بە هیچ شێوەیەک گرنگیەتی بە بنەماکانی ڕیالیزم نادەن، کەشێکی تەژی لە ڕەشبینی مەعریفی بە بێ ئاماژە بۆ بەستینی واقعی، باڵی بەسەر زۆرینەی ئەدەبی چیرۆکی کوردی سەدەی بیستەمدا کێشاوە))(سەجادی،٢٠١٩: ٢٢- ٢٣). ئەو ئەدەبەی کە پەیڕەوەی لە یاساکانی ڕیالیزم ناکات، ئەدەبیاتێکە کە فەزایەکی ڕەشبینی مەعریفی بەسەریدا زاڵە،لە بەشی زۆری ئەدەبی چیرۆکی سەدەی بیستدا باو بووە،بەڵام ئەگەر تەنها ڕۆمان لەبەرچاو بگرین،ئەم دۆخە بەسەر ڕۆمانی سەدەی بیست و یەکیشدا زاڵە. بەشێکی زۆر لە ڕۆمانەکان بە گێڕانەوەیەکی خەیاڵی و بە کارەکتەری خەیاڵی،کۆمەڵێک ڕووداوی خەیاڵی دەگێڕدرێنەوە.

ئەدەبیاتی خەیاڵیش لە جیهاندا ئەدەبیاتێکی ڕێپێدراوە، لە سەردەمێکیشدا خواستێکی زۆر هەبووە بۆی، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتن و وە ئاگا هاتنەوەی مرۆڤایەتی و شۆڕشی عەقڵی و پیشەسازی و زانستیدا، دەبێت ئەدەبیش بگۆڕێت بۆ ئەو ئەدەبەی کە عەقڵی مرۆڤایەتی قبوڵی دەکات، با بابەتەکەش زادەی خەیاڵی نووسەر بێت، دەبێت گێڕانەوەکە بە جۆرێک بێت کە دوور نەبێت لە واقیعەوە، لە ساڵانی ١٩٩٠بەدواوە ڕۆمانی خەیاڵی لە نووسینی ڕۆمانی کوردیدا سەرهەڵدەدات و دەبێت بە مۆدێلێکی باو، چەندین ڕۆمان بە فۆرم و ناوەڕۆکێکی خەیاڵی بڵاودەکرێنەوە، (ڕۆمانەکانی ڕۆستەمی زاڵ ١٩٩٩-خورشید میرزەنگی، گێلاسی خوێن ٢٠٠٧-عەتا محەمەد، پاسەوانانی خودا٢٠١٦-بەیان سەلمان، مەرگی تاقانەی دووەم،غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ- بەختیار عەلی،دێوانەیەک لەم شارەیە ٢٠١٩-نەبەز گۆران، ڕۆمانی دەغدو-خوسرەوجاف.....هتد) بە فۆرمێکی جیاواز لە ڕۆمانەکانی پێش خۆیان دەنووسرێت، ئەم جیاوازییە لەوەدایە کە ئەوەی لەم ڕۆمانانەدا دەیخوێنیتەوە،هەمان ئەو واقیعە نییە کە لە ڕۆمانەکانی پێش خۆیاندا هاتووە،شتەکان مەبەست و واتای نوێ وەردەگرن، لەم ڕۆمانانەدا هەموو شتێک نائاساییە،ئەو دونیایەی کە خوێنەر لەم ڕۆمانانەدا دەیبینێت،هەمان دونیا نییە کە لە واقیعی خۆیدا تێیدا دەژی، جیاوازییەکان لە ئاستێکی وا دایە کە خوێنەر هەست بە سەرلێشێوان و بێ باوەڕی دەکات،بە کۆی چیرۆکەکە،ئەمەش لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی دیکە دەگۆڕێت.

## دووەم: تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی

تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان ناسنامەی هەر ڕۆمانێکن، دەکرێت لە چەند خاڵ و باسێکی جیادا لە توخم و پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان بە گشتی و جۆرەکانی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی بدوێین، هەر ڕۆمانێک بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی لە ڕووی (کات و شوێن و ڕووداو و کارەکتەر و گرێچنی ....هتد) بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە لە پۆلینکردنی جۆرەکاندا لە خانەیەکی جودادا جێبگرێت، ((توێژەرانی ڕۆمان بە هۆکاری ئاسۆی ڕوانینی بەربڵاوتریانەوە یارمەتییەکی زۆر زێدەیان بە دابینکردنی تایبەتمەندییەکانی تایبەت بەم چەشنە ئەدە تازەیە کرد. ئەوان بە گشتی بیرۆکەیان وایە کە ڕیالیزم ئەو تایبەتمەندییە بەرچاوەیە کە بەرهەمەکانی ڕۆمانووسانی پێشقەدەمی سەدەی هەژدە لە ئەدەبی چیرۆکی دەورەکانی ڕابردوو جیادەکاتەوە))(کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠٠٤: ٧) ڕۆمانی واقیعی خاوەنی چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی جیاوازە کە دەیکات بە ڕۆمانێکی واقیعی دەکرێت لەڕێی تیشک خستنە سەر تایبەتمەندی توخمەکانی ڕۆمان تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی بخەینەڕوو:

آ-کارەکتەر ... پرۆسەی کارەکتەرسازی لە ڕۆماندا پرۆسەیەکی سەخت و دژوارە و پێویستی بە وردبینی و قوڵبوونەوەی تەواوە لە تایبەتمەندییەکانی ئەوکارەکتەرانەی کە لە ژیانی واقیعیدا دەیانبینین، بۆ ڕۆمانێکی واقیعی پێویستە کارەکتەر چۆن بێت و تایبەتمەندییەکانی چی و چۆن بن تاکو وەک کارەکتەرێکی ژیانی ئاسایی یان ڕێ تێچوو لە واقیعدا بێتە پێشچاو، بەم پرۆسەی کارەکتەر سازەییە دەگوترێت ''بەکەسکردن''، ((بە کەسکردن ئەو پرۆسێسەیە کە بەهۆیەوە نووسەر والێدەکات کە کەسێکی وەک کەسی ڕاستەقینە دەربخات )) (قەرەداغی، ٢٠١٧: ٢٥). پرۆسەی کارەکتەرسازی هێندە لە ڕۆمان و چیرۆکدا هێندە گرنگە، کە پەیوەست دەکرێت کرێت بە ئاستی توانای ڕۆشنبیری و دونیابینی نووسەر، کارەکتەری بەهێز واتە ڕۆمان و چیرۆکی بەهێز ڕۆمانی بەهێزیش واتە نووسەری بەتوانا، ((لە ڕۆمانی ڕیالیزمیدا نەک هەر وردەکارییەکانی بنیاتی هونەریی کارەکتەر بەرچاو دەخرێن و پێشکەشی خوێنەر دەکرێن، بەڵکو ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی

ئەویشەوە هەیە، وەک لایەنی جەستەیی و جل و بەرگ و ئەو خانووەی تێیدا دەژی، لە ڕێگەی وەسفەوە پیشانی خوێنەر دەدرێن))(شێخانی، ٢٠١٤: ٢٣).

نووسەری ڕۆمان لە چەند ڕەهەندێکەوە باس لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی دەکات و بە خوێنەریان دەناسێنێت کە ئەوانیش ڕەهەندی (فیزیکی، کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژی، دەروونی، ڕۆشنبیری)، مەبەست لە ڕەهەندی فیزیکی (جەستە و جل و بەرگ و کێش و باڵا و ڕەنگی چاو و جوانی و سەرنجڕاکێشی)، ڕەهەندی کۆمەڵایەتیش بریتییە لەو پەیوەندییە خێزانی و خزمایەتی و هاوڕێیەتیانەی کە کارەکتەری ڕۆمان لەگەڵ کەسانی دیکەی جیهانی ڕۆمان هەیەتی، پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی دەچنە خانەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەوە، لە ڕووی ئایدۆلۆژیشەوە باس لە بیرو باوەڕی تاک لە ڕووی ئایینی و حزبی و ئایدۆلۆژیا و فکری تاکەکەس دەکرێت ئەمە پەیوەندییەکی زۆری بە ڕووداوەکانی ڕۆمانیش هەیە. هەرچیش دەربارەی ڕەهەندی دەروونی کارەکتەرە ئەوا ڕۆماننووس دێت و لە ڕووی زانستی دەروونناسی و بەتایبەت بۆچوونەکانی فرۆید و یۆنگ باس لە گرفت و تایبەتمەندییەکانی کەسەکەو هەڵسوکەوت و ڕووداوەکانی ژیانی و پەیوەندییە خێزانی و سۆزدارییەکانی دەکات و دەیەوێت پاڵنەرێکی دەروونی بۆ ڕەفتارو کار و کاردانەوەکانی کارەکتەرەکانی بدۆزێتەوە ، نموونەی ئەمجۆرە لە کارەکتەرسازی و کارکردنە بە میتۆدی دەروونشیکاری لە ڕۆمان و کۆ چیرۆکەکانی ''شێرزاد حەسەن''دا بە ڕوونی دیارە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانیش ئەو بابەتەیان سەلماندووە. ((یەکێک لە بنەماکانی بەهێزکردنی بنیاتی هونەریی کارەکتەر ئەوەیە کە توانای هەبێت قەناعەت بە خوێنەر بکات وەکو بوونێکی مومکین و ڕیاڵی پەسەندی بکات و لەگەڵ ئەوەدا لەناو ڕووداوەکاندا بژیێت، بۆ ئەمەش مەرج نییە ئەو کارەکتەرە لە شێوەی مرۆڤێکی ئاساییدا وێنە بکێشرێت و باس بکرێت، بەڵکو تەنانەت ئەگەر وەک بوونێکی ئەفسانەیی و خەیاڵیش خرایە ناو ئەم پرۆسەیەوە دەبێت بە هەمان شێوە قەناعەت بە بوونی خۆی بکات لەلای خوێنەران)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٧: ٨٢).

کارەکتەری واقیعی دەتوانێت کاریگەرییەکی ڕاستەقینە لە یادەوەری خوێنەر بکات و بۆ هەمیشە ببێت بە کەسێکی زیندووی ئەو یادەوەرییە ، کەس نییە کەسایەتی زۆربا لە ڕۆمانی زۆربای نیکۆس کازانتزاکیس، یان کەسایەتی ئورسولا لە ڕۆمانی سەدساڵ تەنیایی مارکیز یان کەسایەتی پاڤێل لە ڕۆمانی دایک ی مەکسیم گۆرکی لەبیر بکات، سەبارەت بە ڕۆمانی کوردیش ئەم بابەتە هەر ڕاستە و لە زۆر شوێندا پێشهاتووە کە تەنانەت منداڵ بە ناوی کارەکتەری ڕۆمانێکەوە کراوە.

لەبیرمان نەچێت کاتێک باسی کارەکتەر دەکەین، وەک بوونێکی سەربەخۆ و خاوەن تایبەتمەندی ئەوا دەبێت لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لێی بدوێین، ڕەهەندەکانی کارەکتەریش لە جەستە و ڕووی دەرەوە وەک کێش و باڵا و ڕەنگی چاو و جل وبەرگەوە بگرە، هەتا بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیای کەسەکە کە ڕێڕەوی ژیانی دیاری دەکات، کەواتە بوونی کارەکتەری واقیعی گرنگی خۆی هەیە و دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە بە خشینی ناسنامەی واقیعی بە ڕۆمانەکە ، و کاریگەریەکی تەواویش لەلای خوێنەر دروستبکات کە بە تێکستی دیکەی بەدەر لە ئەدەب نەکرێت.

## سێیەم: تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی خەیاڵی

دیاریکردن و وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی یارمەتییەکی زۆرمان دەدات، بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی خەیاڵی، لەکۆنەوە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی لەم بابەتە دواون و بە ڕاو سەرنجەکانیان هەوڵیانداوە بابەتەکان ڕوونبکەنەوە،ئەوەی کە لە فۆرمی خەیاڵدا لە ڕۆمان و ژانری گێڕانەوەدا دەخرێتە ڕوو دەکرێت واقیع بێت و دەشکرێت خەیاڵێکی ڕووت بێت، ((ئەوەی لەچوارچێوەی خەیاڵ لە ڕۆماندا دەخرێتەڕوو، مامەڵەکردنی بۆ بابەتی بڕوا پێهێنان کەمێک گرانترە، چونکە خوێنەر لەبارەی پرسیار و گومانی،ئەوەچۆن ڕووی دا؟پێویستی بە پاساوی ڕۆماننووسە،ئەم ئەرکە بە تەنیشت نیشاندانی ڕووداو و بابەتی نائاسایشدا خەیاڵبازی و ناباوکاری و سەیروسەمەرەییدا ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاو دەبینێت))( کەسنەزانی، ٢٠٢٢: ١٧٦).

مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ خەیاڵ قورسترە لە پیشاندان و خستنەڕووی واقیع لە دەقێکدا،چونکە ئەوەی کە خەیاڵیشە دواجار مەبەست لێی واقیعە،سەبارەت بە پاساو هێنانەوەش بۆ بڕواپێهێنانی خوێنەر،ئەوەیان پەیوەستە بە گرێچنی و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە،زۆرجار هۆکاری


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بابەتێکی خەیاڵی بە هۆکارێکی مەنتقی ڕووندەکرێتەوە و خوێنەر باوەڕ بەو خەیاڵە دەکات کە ڕۆماننووس باسی دەکا، ئەمەش زیاتر لە ڕۆمانە (خەیاڵی زانستییەکان) ڕوودەدات، بەڵام هونەرێکی گەورەشە نووسەر بتوانێت قەناعەت بە خوێنەرەکانی بکات کە باوەڕ بە خەیاڵەکانی بکەن و وەک واقیع قبوڵی بکەن.((ڕازی گێڕانەوەی ڕۆمان لە ڕووی بونیاد و چنینەوە لە نێوان شتە نا ئاسایی و شتە نەمر و جیهانییەکاندا شاردراوەتەوە، ئەو ڕۆماننووسەی دەتوانێت بەشێوەیەکی ورد ڕووداوە ئاسایی و نائاساییەکان لەنێو دەقدا دیاری بکات،ئەوا کلیلی هونەرکاری وخەیاڵکاری بە دەستەوەیە))( الوت، ١٣٦٨: ٦٩).

کاتێک کە دێین و دەڵێین جۆرێک لە ڕۆمان هەیە کە ڕۆمانی واقیعییە و ئەم خاڵانە تایبەتمەندییەکان و سنورەکانی جیاکردنەوەی ئەو جۆرە ڕۆمانەیە، واتە پێچەوانەکەشی بوونی هەیە، دەکرێت پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی ببێتە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی خەیاڵی،دەشێت کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی دیاریبکرێن، کە لەڕێیانەوە ڕۆمانێکی واقیعی لە ڕۆمانێکی خەیاڵی جیابکەینەوە، ئەم بابەتە هەتا ئێستاش ناڕوونە و بەشێک لە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب لەو باوەڕەدانین شتێک هەبێت بەناوی ڕۆمانی خەیاڵی،لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت کە وەڵامدانەوەی دەبێتە کلیلی کردنەوەی دەرگای ئەم بابەتە کە بوونی ڕۆمانی خەیاڵییە، پرسیارەکەش ئەوەیە، (ئەگەر ڕۆمانێک بەتەواوی پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی یان ''ڕیالیزم''ی بوو چ جۆرێکی ڕۆمانە؟یان ئەگەر ڕۆمانێک بەشێکی زۆری خەیاڵ و فەنتازیا بوو چ جۆرێکی ڕۆمانە، لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەگەر تا ئێستاش لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دان بە بوونی ئەم جۆرە لە ڕۆماندا نەنرابێت مانای ئەوەنییە کە بوونی نییە،دەکرێت لە توێژینەوە نوێیەکاندا بوونی ڕۆمانی خەیاڵی لە ئەدەبی گێڕانەوەی کوردیدا بسەلمێنرێت،ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش هەنگاوێکە بەو ئاراستەیە.

بە خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی خەیاڵی دەروازەیەکی فراوانمان بەڕوودا دەکرێتەوە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی بابەتەکە،باسکردنیش لە تایبەتمەندییەکان بەدەر نییە لە باسکردن لە توخمە سەرەکییەکانی پێکهێنانی ڕۆمان،کە ئەمانەن:

**آ-کارەکتەر :**

گرنگی کارەکتەر لە پێکهینانی دەق ڕۆماندا لە ئاستێکدایە کە زۆربەی زۆری قوتابخانە ئەدەبییەکان سەرنجی خۆیان خستووەتە سەر و لەبارەیەوە ڕاو بۆچوونی جیاواز خراونەتەڕوو،هەموو چیرۆک یان بەسەرهاتیک باس لە ژیانی کارەکتەر یان چەند کارەکتەرێک دەکات، سەرجەم توخمەکانی دیکە دواجار پەیوەستن بە کارەکتەرەوە، نووسەران بۆ ئەوەی فیکر و ڕوانینی خۆیان پێشکەش بکەن پێویستیان بە کارەکتەر هەیە،بەشێک لە نووسەران ئەم کارەکتەرانە ڕاستەوخۆ لە دونیای دەوروبەر بە تایبەتمەندییە ئاساییەکانی خۆیانەوە وەردەگرن و دەیگوازنەوە ناو دەقە ئەدەبییەکانیان،ئەمانە تایبەتمەندی کارەکتەر لە ڕۆمانی واقیعی پیشان دەدەن،بەڵام کارەکتەر سازی لە ڕۆمانی خەیاڵیدا پێچەوانەیە و زادەی خەیاڵی نووسەرە و خاوەنی تایبەتمەندی و توانای سەیروسەمەرە،لەم بارەیەوە ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕوانینە ڕەخنەییەکان، ((لە ڕەخنەی بنیاتگەریدا چەمکی کارەکتەر تەواو خەیاڵییە و بوونەوەرێک نییە هەر لە سەرەتاوە ئامادە و دروستکراوبێت، یان بە پێی شیکردنەوەی دەروونی خاوەنی خودێکی دەروونی بێت))(شێخانی، ٢٠١٤ : ٢٩). بنیادی چەمکی کارەکتەر لە ڕەخنەی بونیادگەریدا بونیادێکی واقیعی نییە و دروستکراوی خەیاڵی نووسەرە، ئەوەی کە نووسەر دەیەوێت لە دونیای بگەیەنێت، نایەوێت پەیامەکەی لە شێوەی وتاردا بێت و ڕاستەوخۆ لە خۆیەوە بگات بە خوێنەر بۆیە دێت و لە ڕێگەی کارەکتەرەکانییەوە ئەم کارە ئەنجام دەدات.

خەیاڵی بوونی کارەکتەر مانای ئەوە نییە ئیدی هەرچییەک کە مرۆڤ دەتوانێ خەیاڵی بکات لە ڕۆمانەکەیدا و بەسەر کارەکتەردا جێ بەجێی بکات ،خەیاڵی بوونی کارەکتەر واتای دابڕانی نییە لە واقیعییەت و ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ((کارەکتەر بوونەوەرێکی زمانی یان خەیاڵییە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زمان و خەیاڵە بارگاوییە بە هزری نووسەر و کەسەکانی ناو کۆمەڵگە و ناشکرێت زمن وەک قاوغێکی بەتاڵ تەماشابکرێت و خەیاڵ لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەی جیابکرێتەوە))( ئەڵوەنی، ٢٠١٧: ٧٢). ڕۆماننووس لە دروستکردنی هەر کارەکتەرێکی خەیاڵیدا وێنای کەسێکی واقیعیمان بۆدەکات.لە ڕێگای زمانیشەوە فیکر و ڕووانینی کەسەکەمان پێ دەگەیەنێت، هاوکات نووسەر دەیەوێت کارەکتەر وەک ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی بیری خۆی، ((لە بەشی زۆری ئەدەبی گێڕانەوەی ئێمەدا نووسەر

ونە،ئەوانەی هەن یان خوتبەدەرن یان بوونەوەرێکی جادووین،بیست جار پاڵەوان دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە و نازانم ئەم هەموو تەلیسمە جاودووگەرایيە بۆچی،ئەگەرهاتوو دوبارەکردنەوەی ئەقڵیەتی داگیرکەرنەبێت، کە نایەوێت خود ئازادانە بدوێت، ئەم خۆ جلەوکردنەی خودی کورد فۆرمێکە میراتی داگیرکردنە و لە ئەدەبی ئێمەدا ڕەنگی داوەتەوە)).( سدیق، ٢٠٢١: ٤٩).

لە ڕۆمانی خەیاڵیدا کردار و گوفتاری وا دەدرێت پاڵ کارەکتەرەکان کە هەرگیز لە جیهانی واقیعدا بەو شێوەیە نییە، زۆرجار کارەکتەر نەخوێندەوارە و ئاستی ڕۆشنبیری سنوردارە، بەڵام گوفتار و کرداری لە پرۆفیسۆرێکی زانکۆ دەچێت، کە ئەمەس دەچێتە خانەی نەگونجاوییەوە، ((یەکێک لە خەوشەکانی ڕۆماننووسانی کورد ئەوەیەهەندێک ڕستەی وا دەدەنە پاڵ کارەکتەرێک کە لێی ناوەشێتەوە،بەو ئاستە بڵندە لە ڕۆشنبیری بدوێت))( حەسەن، ٢٠١٨: ٢٢٢). کارەکتەر لە ڕۆمانی خەیاڵیدا خاوەنی چەندین تایبەتمەندییە کە لەوانەیە هەرگیز لە دونیای واقیعیدا کەسی وا بوونی نەبێت،لە توانا جەستەییەکانەوە بگرە هەتا فۆرم و شێوەی فیزیکی کەسەکە تاکو بیرکردنەوە و توانا دەروونی و زیهنییەکانی،کارەکتەری خەیاڵی لە ڕۆمانی خەیاڵیدا جیاوازە لە کارەکتەرێکی ئاسایی ژیان،بە مەبەست کۆمەڵێک شت دەدرێنە پاڵی تاکو لە ڕاستەقینە نەچێت،تایبەتمەندییەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی خەیاڵی وەک تایبەتمەندییەکانی کارەکتەری ئەفسانە و داستانە کۆنەکانە،هەندێکجار کارەکتەر دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە،کاری سەیرو سەمەر ئەنجام دەدات،خاوەنی جەستەیەکە بە جیاوازییەکی سەرسوڕهێنەر لە جەستەی هەر کەسێکی ئاسایی.لە ئەدەبی کوردیشدا ڕۆمانی وامان هەیە کە کارەکتەرەکانی ئەم تایبەتمەندییە سەیرانەیان هەیە کە دەیانکات بە کارەکتەرێکی خەیاڵی لە ڕۆمانێکی خەیاڵیدا.

## ب- شوێن

هاوشێوەی کارەکتەر شوێنیش گرنگی زۆری هەیە لە جیاکردنەوەی ڕۆمان کە ئایا واقیعییە یان خەیاڵی، ئەگەر بێین و باسێک لە شوێن لە ڕۆمانە واقیعیەکان بکەین، ئەوا دەڵێین پێویستە شوێن هارمۆنی و گونجاویەکی هەبێت لەگەڵ ئەو ژینگە و شوێنە جوگرافییەی کە ڕۆمانەکەی تێدا دەنووسرێت، یان ئەو شوێنەی کە لە ڕۆمانەکەدا دەبێتە پانتایی ڕووداوەکان و شوێنی چیرۆکەکە، ئەوا دەبێت لە شوێنێکی واقیعی ئەم سەرزەمینە بچێت، کە مرۆڤایەتی لەسەر دەژی. مەرجیش نییە ڕۆماننووس هەموو ئەو شوێنانەی دیتبێت و تیایاندا ژیابێت کە لە ڕۆمانەکەیدا باسی دەکات بەڵکو دەبێت وەسفەکە بە جۆرێک بێت کە قەناعەت بە خوێنەر بکات کە ئەمە شوێنێکی ڕاستەقینەیە و دەشێت ئەم شارە یان ئەو شارەی دیکە بێت.

((دابەشکردنی شوێن لای ڕەخنەگرانی جیهان جیاوازە ، هەرچی ڕەخنەگران "برۆنۆف" و " ئۆنیلی"ن ، شوێن تەنیا بۆ شوێنی واقیعی و خەیاڵی دابەش دەکەن))(ئیسماعیل، ٢٠٠٥: ٣٧) .

هەرلەبارەی گرنگی شوێن لە ڕۆماندا گاستۆن باشلار لە کتێبی (جوانکاری شوێن)دا دەڵێت: ((ئەگەر هاتوو هەر کارێکی ئەدەبی لە بەهەند وەرگرتنی شوێندا کورت بهێنێت،ئەوا تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی خۆ لەناو دەبات))(باشلار، ١٩٨٠: ٨٣)

هەندێک جار ڕۆمان گێڕانەوەی ژیانی کەسێکە، ژیانی کەسیش بەبێ شوێن نابێت، بەسەرهاتی هەرکەسێک دەبێت لە گوندێک یان شارێک یان وڵاتێک بێت، بۆیە ڕۆماننووس کە دێت باسی ژیانی کەسەکە دەکات بە هەمان ئەندازەی ڕووداوەکان ، شوێنی ڕووداوەکانیش گرنگن، شوێنی ڕووداوەکان وەک بەشێک لە پرۆسەکە، وەسفیش ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لەوەی کە شوێنەکان لە شوێنی واقیعی بچن یان بە پێچەوانەوە.

((دەشێ شوێن بوونێکی واقیعی هەبێت یان بریتی بێت لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی،هەروەک دەشێت شوێن بوویەکی خەیاڵی یان فەنتازی بێت و بەرهەمی خەیاڵی نووسەر بێت))(قەرەداغی، ٢٠١٧: ٤٨). نووسەر لە ڕێگەی وێنای خەیاڵییەوە لە سەرەتادا شوێنەکان لە خەیاڵی خۆیدا وێنە دەکێشێت، پاشان لە شێوەی وێنەی ئەدەبیدا لە ڕێگەی زمان و گێڕانەوە ئەم وێنایە لەلای خوێنەریش بەدی دەهێنێت، ئەگەر هاتوو باس لە شوێنێکی ڕاستەقینەکرا ئەوا پێویستە بە جۆرێک بێت کە لەگەڵ حەقیقەتی بوون و سیمای گشتی شوێنەکەدا یەک بگرێتەوە، بە نموونە ئەگەر هاتوو باسی شارێک کرا، وا دانێین ئەو شارە شاری هەولێر بێت پێویستە سیما گشتی و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی جوگرافی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

و سیمای گشتی و بوون و نەبوونەکانی شارەکە لەبەرچاو بگیرێت، بەنمونە نابێت باس لە شتێک بکرێت کە لە شارەکەدا بوونی نییە و ئەم ڕاستییەش بۆ هەمووان ڕوون بێت، بە نمونە نابێت باس لە بوونی چیای بەرز و ڕووبار لە شارەکە بکرێت لە کاتێکدا کە لە ڕاستیدا نە چیا و نە ڕووبار لەناو ئەم شارەدا نەبن، یان ئەو جۆرە وەسفانەی کە زۆر خەیاڵین و باس لەوەدەکەن کە لەو شوێنەدا درەختەکان سەوز نین بەڵکو ڕەنگێکی دیکەن و باڵندەکان قسە دەکەن و دەیان بابەتی دیکە کە هیچکات لە هیچ شارێکی ڕاستەقینەدا نابینین، بەڵکو شوێنی ئەم خەیاڵانە تەنها ناو دەقە ئەفسانەییە کۆنەکان و ڕۆمانە خەیاڵییە نوێیەکانە،هەربۆیە دەگوترێت: ((ڕۆمانی هاوچەرخ تەنیا داستانێکە، بەڵام لە سەردەمێکی نوێدا، هەروەکو چۆن سەردەمی کۆن داستانی هەبوو بەهەمان شێوە سەردەمی نوێش ڕۆمانی هەیە))( ڕەحمان، ٢٠٢٠: ٧٦).

بە نمونە ڕۆمانی ''سلێکوک- هۆکلێر''ی عەبدوڵا سەراج، کە باس لە کوردستان و چوار شاری کوردستان دەکات، بەڵام کاتێک یەکەمجار ناونیشانەی ڕۆمانەکەت بەرچاو دەکەوێت هەست بە نامۆییەکی زۆری ئەو ناونیشانە لەگەڵ زمانی کوردی دەکەیت، بەڵام بە وردبوونەوەی زۆرتر دەردەکەوێت کە ئەم ناونیشانی لە ناوی هەرچواری شارەکەی کوردستان واتە (هەولێر –سلێمانی-دهۆک-کەرکوک)پێکهاتووە، هاوکات بەگشتی فەزای شوێن لەم ڕۆمانەدا لە شوێنێکی سەیر و سەمەر و دوور لە واقیعی کوردستان دەچێت.دەکرێت لە وەسفکردنی شەقام و درەخت و باخ و بازاڕ و تەنانەت هاوڵاتیانی شارەکەش نووسەر توانای خەیاڵکردن و وەسفی خۆی بنوێنێت و ئەو جوانی و لایەنە شاراوانە دەربخات کە کەسانی ئاسایی ڕۆژانە بە بەردەمیاندا تێدەپەڕن و سەرنجیان ڕاناکێشێت، بەجۆرێک کە واقیع لەوەی کە هەیە سەرنجڕاکێشتر و ورد تر وەسف بکرێت ، نەک وەسفێک بکرێت کە خوێنەر هەست بە ناراستی وەسفەکە بکات،ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر خوێندنەوەش، چونکە مەیلی خوێنەر لە ئێستادا بەرەو واقیعیەت دەچێت.

هەندێک جار شوێن  لە ڕۆماندا شوێنێکی فیزیکی و جوگرافی نییە بەڵکو شوێنی باسکراو زەین و خەیاڵی کارەکتەر یان ئەندێشەی مرۆڤە ، دەکرێت ڕووداوێک لە ئەندێشەی مرۆڤێکدا ڕووبدات ، ڕۆمان توانای وەسفی ئەو شوێنە نەبینراو و نافیزیکیانەشی هەیە بە هەموو وردەکارییەکانەوە، ))ئاشکرایە کە ڕۆمانەکان لەبەر ئەوەی ڕۆحی قارەمانەکانیان ئاڵۆز و هاوچەرخترە و دەتوانن بەهێزەوە باس لە مرۆڤی ئاسایی بکەن و توانای ئەوەیان هەیە بچنە قوڵایی هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە ، جیاوازن لە داستانەکان))(پاموک، ٢٠١٦ : ٤٠).

بابەتێکی دیکە گونجاوی شوێنەکانە لەگەڵ ڕووداوەکان و کارەکتەرەکاندا ، دەبێت پەیوەندییەکی ماندار و هەماهەنگیەکی تەواو لە نێوان کارەکتەر و ئەو ڕووداوەی کە بەسەریدا دێت یان بۆی دێتە پێش و ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوودەدات هەبێت.

بەشی دووەم: شوێنی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی

## تەوەری یەکەم: شوێنی واقیعی

شوێن ئەو پانتاییەیە کە ڕووداوەکان تێیدا ڕوودەدەن، لە دونیادا زۆرن ئەو چیرۆک و داستان و ڕۆمانانەی کە شوێنەکانیان نادیارن و بوونی واقیعییان نییە، بێگومان لە ئەدەبی کوردیشدا بەشێک لە چیرۆک و ڕۆمانەکانمان ڕووداوەکانیان لە شوێنی نادیار و ناڕوون ڕوودەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمان و چیرۆکمان هەیە کە باس لە شوێنی دیاریکراو و ڕاستەقینە دەکەن، ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە ڕووداوەکانی لە شوێنی واقیعی ڕوودەدەن، کارەکتەرەکانی خەڵکی شار و گوند و ناوچەی ڕاستەقینەن، ئەگەر ڕووداو و کارەکتەرەکان هاوشێوەیان لە واقیعدا هەبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین شوێنەکانی ئەم ڕۆمانە بە ڕاستی لە واقیعدا هەن، فەزای گشتی ڕۆمانەکە لە شارەکانی (ئیستەنبوڵ و دیاربەکر)ە بەڵام لەم ناوەشدا چەندین شار و هەرێمی دیکە دێنە بەرباس کە بوونی واقیعییان هەیە کە ئەمانەن (دیاربەکر، ئیستەنبوڵ، ئەنکەرە، مەرەش، نوشەهیر، ئالازیگ، چیای هەکاری، شەمزینان، شورای ئامەد، دۆڵی زیلان.....هتد)، لەڕاستیدا بوونی فیزیکی و واقیعییان لە سەر نەخشەی تورکیا و جیهان هەیە.

نووسەر سودی لەم شوێنە واقیعییانە وەرگرتووە بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی واقیعی لە بەرگێکی ئەدەبیدا بدات بە گێڕانەوەکەی، هەستی خوێندنەوەی چیرۆک و بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە کە سەر بەم جیهانە بێت و لەم جوگرافیایەدا ڕوویدابێت زۆر بەچێژترە لە خوێندنەوەی

چیرۆکێک لە سەرزەمینە خەیاڵییەکان، نووسەری ئەم ڕۆمانە دەزانێت نابێت گێڕانەوەی کارەساتی نەتەوەیەک دووربێت لە واقیعییەت، دەزانێت شەڕێکی ڕاستەقینە لەسەر زەمینێکی ڕاستەقینەدا ڕوودەدات، دەزانێت ئیدی کاتی ئەوە هاتووە وەک گەلانی دیکەی دونیا لە کارەسات بەرزترین دەق ئەدەبی بەدی بهێنین، ئەمڕۆ سەردەمی پیشاندانی حەقیقەتی نەتەوەکانە لە ڕێگای ئەدەبەوە، بۆیە نووسەری داگیرکردنی تاریکی هاتووە لە کەرەستەی حەقیقی دەقێکی ئەدەبی بەرزی نووسیوە.

ئەگەر چەند نموونەیەک لەو شوێنانە وەربگرین کە لەم ڕۆمانەدا زەمینەی ڕووداوەکان و شوێنی بەسەرهاتەکەن، زیاتر لە واقیعیبوونی دەقەکە تێدەگەین، بە نموونە، ((بەلای بورجی گەلاتەدا بەرەو لای پردەکە دابەزین و بە پاڵ مزگەوتی ڕۆستەم پاشادا بە ئاراستەی ماڵەوەدا کەوتنە ڕێ))(عەلی، ٢٠٢٠: ٤١٤). بەم چەند وشەیە خوێنەر دەتوانێت هەست بە حەقیقی بوونی شوێنەکە بکات، بەتایبەت ئەگەر کەسێک شارەزای ئیستەنبوڵ بێت بەم وەسفەدا دەتوانێت شوێنەکە بناسێتەوە، لە نموونەیەکی دیکەی وەسفی شوێندا دەڵێت: ((لە ژێر مانگەشەوێکی ڕووناکدا،لەبەردەم بینایەکی کۆندا بەناوی ئوتێل یەڵدز لە ئالازیگ لە تاکسییەکی کۆن دابەزی))(عەلی، ٢٠٢٠: ٥٤٩). جگە لە ناوهێنانی ئالازیگ کە شوێنێکی دیار و ڕاستەقینەیە، کە باس لە هۆتێلەکەش دەکات بە ناوێکی تورکی باوەوە، خوێنەر دەتوانێ پێشبینی بوونی هۆتێلێک بەو ناوەوە لە هەر شوێنێکی تورکیادا بکات لەژێر تریفەی مانگ یان ڕووناکی مانگیش دەستەواژەیەکی باوە و بەکاردەهێنرێت، مێشکی خوێنەر ئامادەیی هەیە بۆ وێناکردنی ئەو شوێنە کەواتە شوێنەکە شوێنێکی خەیاڵی نییە، لە نموونەیەکی دیکەی شوێن لەم ڕۆمانەدا باسکردنە لە زیندانی دیاربەکر کە وەک ڕەمزی مانەوە و زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی تورکی لەناوچەکەدا دەناسرێت،لە زاری ئارسین ئاکانسووەوە بەم جۆرە باس لە زیندانەکە دەکات و دەڵێت: ((زیندانی دیاربەکر بووە بە دۆزەخی سەر زەوی، هەر شتێک شایەنی ژیان و بەردەوامییە،دەوڵەتی تورک دەیەوێت لێرە لەناویبەرێت،ڕۆژێک ڕوخاندنی ئەم زیندانە وەک ڕوخاندنی باستیل دەبێتە سەرەتای سەردەمێکی تازە لە خۆرهەڵاتدا))(عەلی، ٢٠٢٠: ٥٥٤)

نووسەر لە ڕوانینی کارەکتەرێکەوە و لە زمانی هەمان کارەکتەرەوە دەیەوێت باس لەم شوێنە بکات کە زیندانی دیاربەکرە، ئەم زیندانە بە قەڵای باستیل دەچوێنێت کە لە ١٤ی تەموزی ١٧٨٩دا لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە گیرا و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەوکاتی فەرەنسا هێنرا و سەردەمێکی نوێ و قۆناغێکی نوێ لە فەرەنسا دەستپێکرد، ئارسین ئاکانسو کە شۆڕشگێڕێکی چەپ و خوێندەوارێکی هۆشیارە ئاگاداری ئەم مێژووە بووە و زیندانی دیاربەکری وەک قەڵای باستیل بینیوە.

لە زۆر جێگای دیکەی ڕۆمانەکەیدا نووسەر ئاماژەی بە ترسناکی و خراپی زیندانی دیاربەکر لە هەموو ڕوویەکەوە کردووە،لە ڕاستیشدا ئەم زیندانە یەکێکە لە زیندانە زۆر خراپەکان کە تێیدا بە هەموو شێوەیەک خەڵکی بێگوناهی کورد ئەشکەنجە دراون، لە ئێستاشدا زیندانی دیاربەکر هەرماوە و چالاکوانان و زیندانیانی سیاسی کە ساڵانی ڕابردوو لەو زیندانە بوون، کار لەسەر ئەوەدەکەن کە زیندانەکە لە ڕیزی خراپترین زیندانەکانی جیهاندا هەژمار بکرێت.

نموونەیەکی دیکەی شوێن لەم ڕۆمانەدا ئەمەیە ((بەدەم گۆرانی گوتنەوە ویستی کەمێک زیاتر بڕوات تا بگاتە جێگایەک ماشێنی نێوان گوندەکان لە وێدا لە لا ڕێگایەکەوە دەهاتنەوە سەر شەقامە سەرەکییەکە))(عەلی، ٢٠٢٠: ٦٨٢). ئەم شوێنە هەڵبەستراوی خەیاڵی نووسەرە، بەڵام خەیاڵەکە لە سنوری یادەوەریدا، چونکە ئەوانەی کە لە شار دەژین دەزانن کە هەموو شارێک جێگایەکی لەم شێوەیەی هەیە، کە لێوەی ڕۆژانە ئۆتۆمبێل لە شار و گوندەکانی دیکەوە دێنە ناو شارەکە، ئەم شوێنەش وەک شوێنێکی قبوڵکراوی زەینی خوێنەر، بە شوێنێکی واقیعی دادەنرێت.

لە بەشێکی دیکەدا گۆڕەپانی بەسەرهاتەکە دەگوازرێتەوە بۆ وڵات و هەرێمێکی دیکە، دوای ئەوەی کە عیسمەت ئۆکتای لە پەلامارەکەی گورگە بۆرەکان بۆسەر نەخۆشخانەی ئالازیگ ڕزگاری دەبێت، بە هەوڵ و یارمەتی عەلی ئیحسان تورکیا بەجێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە شوێنێکی دیکە،ئەو شوێنەش شوێنێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو وڵاتێکی واقیعی و هەرێم و شارێکی ڕاستەقینەیە، ((دوای سەفەرێکی درێژ هاوشان لەگەڵ کابرای قاچاخبەردا گەیشتە شارۆچکەیەکی بچوک و فەرامۆشکراو بەناوی زاخۆ، لەوێوە بەرەو گوندێکی بچوک لەو نزیکانە سیازدە ساڵ


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەو هەرێمەدا مایەوە))(عەلی، ٢٠٢٠: ٧٠٥). دوای سەفەرێکی درێژ، ئاماژەیە بۆ دووری لە شارۆچکەی زاخۆ، نووسەر لێرەدا ویستوویەتی ڕاستەوخۆ ناوی شوێنەکە ببات، دەنا دەکرا تەنها بیگووتبا شارۆچکەیەکی بچوک و فەرامۆشکراو، ئەوکاتیش زەینی خوێنەر وێنای شوێنەکەی دەکرد، بەڵام کە ناوی زاخۆ هات، یەکسەر شارۆچکەی زاخۆ لە پێش چاومان دەبێت، گوندێکی بچوک لەو نزیکانەش دیسان شوێنێکی واقیعیی و قبوڵکراوە لە زەینی خوێنەردا.

لوتکەی هونەرکاری لە پیشاندانی شوێن لەم ڕۆمانەدا ئەوکاتەیە کە شاری دیاربەکر وەک شارێکی بێدەنگ پیشاندەدات، دوای دەرچوونی بڕیارەکانی ئاکانسو بۆ قەدەغەکردنی زمان کوردی لە هەموو شوێنێک و سزادانی هەموو ئەوانەی کە سەرپێچی یاسا دەکەن، ئیدی شارەکە دەبێت بە شارێکی بێدەنگ، بێدەنگکردنی ئەم شارە و قورسایی دۆخەکە، لەم پارچە وەسفییەدا زیرەکانە خراوەتە بەر دیدی خوێنەر بە جۆرێک، کە ڕەنگە خوێنەر قەناعەتی تەواو بهێنێت بەوەی، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژێر زوڵم و ستەمی تورکدا، شارێک لە شارەکانی کوردستان بەم جۆرە بێدەنگی هەڵبژاردبێت، نووسەری ئەم ڕۆمانە بەم جۆرە باسی ئەم دۆخە دەکات و دەڵێت: ((ماوەیەک دوای دەرچوونی بڕیارەکان ئارسین و سامی پێکەوە لە شارێکی بێدەنگدا پیاسەیان دەکرد. لەوکاتەوە تا چەندەها ساڵ دواتریش، دوای ئەوەی هەر یەک لە هەلومەرجی جیاواز و بەهۆکاری جیاواز دیاربەکریان بەجێهێشت، ئەو بێدەنگییە بە شێوەی جۆراو جۆر بەردەوام بوو. شارێک مرۆڤەکان تەنیابە ئاماژە یان بە هەندێ وشەی تورکی کەم هەموو شتێکیان دەبڕییەوە، ئیتر وەک جاران دایکێکیان نەدەبینی بانگ لە زارۆی خۆی بکات، باوکێکیان نەدەبینی بانگ لە کوڕی خۆی بکات. ئارسین سەرنجیدا خەڵکی شار ئیتر لەگەڵ ئاژەڵەکانیشیاندا نەیاندەتوانی زمانی جاران بەکاربهێنن، لەبەر ئەوە پەنایان دەبردە بەر دەنگگەلێک کە مانایان نییە، تا ئەسپ و گوێدرێژ و مەڕ و ماڵاتیان بە کوچە و شەقامەکاندا ئاژۆ بدەن، یاساکانی دەوڵەت تەنیا ئەو زمانەیان قەدەغە نەکردبوو مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا پێی دەدوان، بەڵکو ئەو زمانەشیان قەدەغە کردبوو خەڵکی لەگەڵ بزن و چێڵ و مراوی و مریشکی خۆیاندا بەکاریاندەهێنا))(عەلی، ٢٠٢٠: ١٦٣)

زمان ئەو ئامرازەیە کە مرۆڤەکانی هەرکۆمەڵگە و شار و گوندێک لە ڕێگایەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن، گەر زمان نەمێنێت یان قەدەغە بکرێت، ئیتر پەیوەندییەکان مانایان نامێنێت، تەنانەت پەیوەندی دایک و ڕۆڵەکەی، پەیوەندی کوڕ و باوک، تەنانەت لێرەدا نووسەر دەیەوێت بڵێت مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندی لەگەڵ ئاژەڵەکانیشدا پەیدا دەکات و وایانلێدەکات لێی تێبگەن، لەناو کوردەواریدا دەیان وشەی جیاوازمان هەن کە بۆ بانگکردن و قسەکردن لەگەڵ ئاژەڵاندا بەکاردێن، ئەگەر لە گوند بژین ئەوسا لەو زمانە تێدەگەین کە سبەینان ژنان گۆرانی پێدەڵێن بۆ چێڵ و مریشک و مەڕ و ماڵات، بێگومان ئەو زمانە کوردییە،بەڵام کاتێک یاساکان دێن و ئەو زمانە قەدەغە دەکەن ئیتر مرۆڤ ناچارە پەنا بباتە بەر شێوازێکی دیکەی پەیوەندی، ڕۆماننووس لە ڕێگای تەکنیکی شارەزایانەی زمانەوە قەناعەت بە خوێنەر دەهێنێت کە دوای قەدەغەکردنی زمانی کوردی شاری ئامەد دەگۆڕێت بۆ شارێکی بێدەنگ، بێدەنگییەکی مانادار، بێدەنگییەک کە نیشانە و ڕەمزی ئەو کارەساتەیە کە بەسەر مرۆڤدا دێت دوای ئەوەی کە زمانی دایکی لێ قەدەغەدەکەن.

بۆ پیشاندانی زیاتری ئەو دۆخە مێژووییە نووسەر بەردەوامی دەداتێ و دەڵێت: ((ئەو ڕۆژە ئارسین و سامی هەر شتێکیان دەکڕی بە ئاماژە وەڵامەکانیان وەردەگرت، هەر شتێکیان دەپرسی بە هەندێ وشەی تورکی کەم وەڵامدەدرانەوە. لەو ڕۆژەوە تا شارەکەیان بەجێهێشت، دووکەسیان نەبینی پێکەوە بە گەرمی گفتوگۆ بکەن. خەڵکی یان بە ئاماژە یان بە کەمترین و پێویستترین وشە ئیشەکانی خۆیان دەگەیاندە ئەنجام، ئەگەر دووکەسیان بدیبایە بە ڕەوانی و بە دەنگی بەرز قسەدەکەن، یەکسەر دەیانزانی ئەوانە تورکن و خەڵکی ئەم هەرێمە نین)) (عەلی، ٢٠٢٠: ١٦٣).

ئەم بەشە پیشانی دەدات کە نەمانی زمان دەتوانێ چ کاریگەرییەکی ڕاستەقینە و قورس لەسەر هەموو جوڵە و کڕین و فرۆشتن و هاتن و چوونێک دابنێت، ئەوەی کە لەم ڕۆمانەدا زۆر بە قووڵی کاری لەسەرکراوە مەسەلەی زمانە، زمان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، کاتێک نووسەر دێت باس لە شارێک دەکات کە لەبەرامبەر سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن یان لەناوبردنی نەتەوە لە ڕێگەی لەناوبردنی زمان کار دەکات، وە کاردانەوەی شارێک بەرامبەر ئەم لەناوبردنە بە بێدەنگ بوون پیشاندەدات، دەکرا لەبری ناوی شاری ئامەد تەنها بیگوتبا شارەکە یان

ناوێکی خەیاڵی بۆ شارەکە دابنایە، بەڵام ئەم ڕۆمانە لەسەر بنەمای واقیع و لە پێناوی واقیعدا نووسراوە و مەبەستییەتی کە ناوی ئەو شوێنە واقیعییە وەک خۆی بهێنێت.

## تەوەری دووەم: شوێنی خەیاڵی

شوێنی خەیاڵی لەم ڕۆمانەدا، لەوانەیە گەر خوێنەرێکی ورد نەبین پەی بەو نهێنییە گەورەیە نەبەین کە لە ناونیشانی ڕۆمانەکەدایە و وەک تێمای سەرەکی لە ڕۆمانەکەشدا کاری لەسەر کراوە، ئەویش (تاریکییە) لەم ڕۆمانەدا سیفەتی شوێن دراوەتە تاریکی، لە کاتێکدا تاریکی خۆی حاڵەتێکی زەمەنییە، نووسەر زیرەکانە ئەم سیفەتەی بە تاریکی خەیاڵ و هزری مرۆڤ بەخشیوە و وەک کۆگاو مەخزەنی زانیاری و زمان و فیکر و هزری مرۆڤە، ئەو تاریکییە هەمان ئەو شوێنەیە کە فاشیزم بۆی داگیر ناکرێت.

کاتێک کوڕە گەورەکەی کەی تاریق ئاکانسو لەماڵەوە ڕادەکات، ئەوکات باوکی کە نوێنەرایەتی دەوڵەتی تورکیا دەکات، تێدەگات کە ئەوەی کە نەیتوانیووە داگیری بکات، تاریکییەکانی ناو مێشک و هزری داگیربکات، ئەو تاریکییەی کە مرۆڤ نهێنییەکانی خۆی، بیرکردنەوەکانی، پلانەکانی تێدا دادەنێت، بۆیە نووسەر لە زاری گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە بەم جۆرە باسی لێدەکات، ((ئەوەی ئەم لەم وڵاتەدا داگیری کردووە تەنیا بەشێکی زۆر بچوکە، هێشتا ڕووبەرێکی گەورەی تاریک ماوە داگیری نەکردوە، هێشتا تاریکییەکی بێسنوور و بێقەرار ماوە کوڕەکەی لەناویدا خۆی شاردۆتەوە و ئەم هیچی لێنازانێت و دەرگاکانی نەدۆزیوەتەوە...ئەوەی ماوە ئیشێکی سەختە، ئیشێکی دوور و درێژ و مەحاڵە، داگیرکردنی تاریکییە))(عەلی، ٣٣٤:٢٠٢٠).

نووسەر لەم ڕۆمانەدا بە وردی کاری لەو خەزێنە پڕ نهێنییەی مرۆڤ کردووە، کە هزر و بیر و یادەوەرییە، ئەو شوێنەشی وەک تاریکی وەسف کردووە، تاریکیش بە هیچ کەسێک داگیرناکرێت، چونکە تاریکی شوێنێکی جوگرافی یان شتێکی ماددی و هەستپێکراو نییە، تاکو مرۆڤ بە ئاسانی دەستی پێبگات و داگیری بکات. تاریکی ئەو شوێنە خەیاڵییەیە کە سەرلەبەری ڕۆمانەکەی لە پێناودا نووسراوە و هەوڵدراوە وەک بابەتێکی نوێ کاری لەسەر بکرێت.

لەم ڕۆمانەدا دوو جۆر شوێن هەیە، یەکەمیان ئەو شوێنە واقیعییانەی کە زەمینەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و بەسەرهاتەکەن، دووەمیان شوێنێکی خەیاڵی پڕ نهێنی و تەلیسمە کە تاریکی خەیاڵدانی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەیە، یەکەم جارە لە ڕۆمانی کوردیدا تاریکی وەک شوێن بناسێنرێت، وەک شوێن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوەی کە لە ڕۆمانی ''داگیرکردنی تاریکی''دا کاری لەسەرکراوە، نوێگەری و وەرچەرخانێکی گرنگە لە مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ شوێندا.

## ئەنجام:

١.ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی چەند ساڵێکە لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، واتە لە شوێنێکی واقیعییە کە وڵاتی تورکیایە، لەم ڕۆمانەدا شوێن بە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، گۆڕەپانی ڕووداوەکان شارەکانی تورکیا و باکوری کوردستانن ئەوشارانەی کە لە ڕابردوو و ئێستاشدا لەسەر زەمینەی واقیع و لەسەر نەخشەی جوگرافی بوونیان هەیە.

٢. لوتکەی هونەرکاری لە پیشاندانی شوێن لەم ڕۆمانەدا ئەوکاتەیە کە شاری دیاربەکر وەک شارێکی بێدەنگ پیشاندەدات، دوای دەرچوونی بڕیارەکانی ئاکانسو بۆ قەدەغەکردنی زمان کوردی لە هەموو شوێنێک و سزادانی هەموو ئەوانەی کە سەرپێچی یاسا دەکەن، دیاربەکر-ئامەد وەک پایتەختی زمان و کلتوری کوردی لە باکوری کوردستان چۆن لەگەڵ ستەمی فاشیزمدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەوەی کە فێری زمانێکی تر ببێت؟یان بێدەنگی هەڵدەبژێرێت.

٣. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بە ڕێژەیەکی زۆر سوودی لە شوێنی واقیعی بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان و جووڵەی کارەکتەرەکان وەرگرتووە، چونکە ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی مێژوویی و واقیعییە، بە وردی کاری لەسەر پرسی زمان و ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەیی لە بە شێک لە وڵاتی تورکیا کردووە

و مەبەستی بووە خوێنەر چیرۆکەکە وەک چیرۆکێکی واقیعی وێنا بکات.

٤-گرنگی شوێن لە ڕۆماندا لە ئاستێکدایە کە دەتوانێ ببێت بە ناسنامەی ڕۆمانەکە، وەک لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا، تاریکی ئەگەرچی شوێن نییە بەڵام لەگەڵ کردەی داگیرکردندا سسیفەتی شوێنی وەرگرتووە و بووە بە ناسنامەی ڕۆمانەکە.

٥-ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی پێمان دەڵێت، ئەدەب دەتوانێ دونیا بە جۆرێکی دیکە تەفسیر و پێناسە بکاتەوە، سیفەتی جۆراو جۆر بداتەوە بە هەموو شتێک، ئەو ڕووەی دیکەی دونیامان پیشانبدات کە سنوری واقیع دەبڕێت و پێدەنێتە هەرێمی خەیاڵەوە.

٦-لە ڕۆمانی ''داگیرکردنی تاریکی''دا هارمۆنییەکی ورد لە نێوان کارەکتەر و شوێندا هەیە، شوێن کاریگەری ڕاستەوخۆ و ڕوونی لەسەر شێوازی ئاخاوتن و نەریت و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان هەیە، نووسەر بە هەبوونی زانیاری ورد لەبارەی شوێنەکانەوە لە ڕۆمانەکەیدا بەکاریهێناون.

٧. هەندێک جار شوێن  لە ڕۆماندا شوێنێکی فیزیکی و جوگرافی نییە بەڵکو شوێنی باسکراو زەین و خەیاڵی کارەکتەر یان ئەندێشەی مرۆڤە، دەکرێت ڕووداوێک لە ئەندێشەی مرۆڤێکدا ڕووبدات، ڕۆمان توانای وەسفی ئەو شوێنە نەبینراو و نافیزیکیانەشی هەیە بە هەموو وردەکارییەکانەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### کتێبە کوردییەکان


١- ئەڵوەنی، نەجم (٢٠١٧)تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

٢- ئیسماعیل، سەباح (٢٠٠٥)چەمک و ستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، چ١، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک.

٣- بەرزنجی، عومەر مەعروف(٢٠١٢)، نوسین و ئامادەکردنی: ئازاد حەمەر شەریف، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٤- پاموک، ئۆرهان (٢٠١٦) ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە، و. بەکر شوانی، چ١، چاپخانەی ئەندێشە ،سلێمانی.

٥- پیربال، فەرهاد(٢٠٢١) ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ ٤، چاپخانەی تاران، لە بڵاوکراوەکانی خانەی کولتوور.

٦- جاف، ئەحمەد موختار (٢٠٠٨)مەسەلەی ویژدان یان چۆن بووم بە خانەدان ئیحسان فوئاد، چ٢ ، دەزگای ئاراس هەولێر.

٧- حەسەن، حەمەسەعید(٢٠١٨) ڕۆمان و ژیاننامە چ ١، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

٨- حەمە شەریف، ئازاد (٢٠١٢) (جەمیل سائیب)ی شاکار نووس، کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٩- حەوێزی، دەریا جەمال، (٢٠١٩)دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی لە ئاوێنەی ڕیالیزمدا، هەولێر.

١٠- حوسێن، هیمداد (٢٠١٤)ڕێبازە ئەدەبییەکان، هەولێر ،دەزگای ئاراس.

١١- خلیل، سمیە نجیب(٢٠١٠) (ئافرەت لە ڕۆمانی ئافرەتانی کورددا ٢٠٠٠-٢٠٠٩)، زانکۆی سەلاحەدین –هەولێر.

١٢- ڕەحمان، عەبدوڵڵا (٢٠٢٠)(کۆمەڵگا لە ڕۆمانی کوردیدا)چ١، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

١٣- ڕەشید، سابیر(٢٠٠٧) ڕۆمانی کوردی خوێندنەوەوە پرسیار، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٤- سەجادی، بەختیار(٢٠١٩) (گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعی خوازی و دژە واقیعی خوازیدا)، کۆنفرانسی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، خانەی کتێبی کوردی هەولێر.

١٥- سدیق، شاخەوان(٢٠٢١) ئەدەب و گێڕانەوە، سلێمانی.

١٦- شەمۆ، عەرەب(٢٠٠٦) شڤانێ کورد، گۆڕینی لە پیتی لاتینییەوە، موحسین ئەحمەد عومەر، هەولێر.

١٧- شێخانی، جەوهەر (٢٠١٤) بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٨- عەلی، بەختیار(٢٠٢٠) داگیرکردنی تاریکی، چ١، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.

١٩- عەلی، حسێن سابیر(٢٠٠٨) ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانی دا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٢٠- قادر،کارزان موحسین(٢٠٠٩) (سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٩٩١- ٢٠٠٠) زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٢١- قەرەداغی، عەتا(٢٠١٧) گەڕان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، چ١، چاپخانەی سەردەم سلێمانی.
٢٢- کەسنەزانی، بوشرا (٢٠٢٢) (جوانیناسی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا)، چ ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
٢٣- کۆمەڵێک نووسەر(٢٠٠٤) تیۆری ڕۆمان، و.حوسێن شێربەگی.
٢٤- گەرمیانی، عادل(٢٠١٩) ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ١٩٢٨-١٩٩٦، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
٢٥- یاقووب، عەلی عوسمان(٢٠٢١) ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
گۆڤار
٢٦- عومەر، موحسین ئەحمەد(١٣٩٨) (ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی، توێژینەوەیەکی پراکتیکی بۆ پێنج ڕۆمان) پژوهشنامەی ادبیات کردی، دەورەی ٥ ژمارە ٨ ساڵی ١٣٩٨، دانشگاە کردستان، سنە، ایران.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:
٢٧- باشلار، جاستون(١٩٨٠) جماليات المكان، ترجمە: غالب هلسا، ط٢، دار الحريه للطباعه بغداد.
سەرچاوەی فارسی
٢٨- الوت، میریام(١٣٦٨)، (رمان به روایت رمان نویسان، تهران.
سەرچاوە ئەنتەرنێت:
٢٩-(https://www.languefr.net/2017/2018/quest-ce-que-roman-realiste.htm1?fullpost)
٣٠-(http:/dictionary.tn/quest-ce-quun-texte-fictif).